# تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ
# بمخەیتەوە هەڵقوڵێن!



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

شێرکۆ بێکەس

# تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن!

شیعر و پەخشان

لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی کورتی

د. شاهۆ سەعیددا



ناو کتێب: تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن!
شیعری: شێرکۆ بێکەس
لێکۆڵینەوەیەکی کورتی: د. شاهۆ سەعید
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٦١
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
پیتلێدان: تریسکە ئەحمەد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی لە هەولێر ژمارە (٤٥٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

لەگەڵ پۆلێ ماچی سەوز و سووردا
بۆ
ئاران
سیار
میلان
پەپوولە کچەزاکان.
میوانە تازە و بچکۆلەکانی
دوو ساڵی دوایی ماڵەکانمان.

شێرکۆ بێکەس
سلەیمانی: مارسی ٢٠٠٧



تۆ

ئەتوانی

بەقومێ

ماچ

بمخەیتەوە

هەڵقوڵین!

تۆ ئەتوانی، سەرلەنوێ شینم بکەیتەوە
ئەتوانی، گەڵایەکم یان بزەیەکم بۆ یادگاریی
ئەم ڕسکانەوەیە
بدەیتە دەست "با"یەکی گەنج و
خۆیشم بەدەم تریقەی شیعر و شەونمەوە
بدەیتەوە لە بەرۆکی ژیان!





من وەک پەلکێکی زەردەڵەی لارەملی
نێوان قڵیشە بەردێ وەختی سیاساڵ
تۆیش چون تیلماسکی ماچە گەرمەکانی
هەتاو و، دەنگی تەڕی گەواڵە و
ڕەنگی ئارگۆنی هەنار و
ئەموستی کەسکی باران!
تۆ ئەتوانی، جارێکی دی، ئەتوانی
ئەم خۆڵەمێشە تاریکە هەمدیسان
لرفە لرف داگیرسێنیتەوە
گڕی نارنجیم
ئەڵقە ئەڵقە، مەستانە و دێوانە
بکەیتەوە بەپرچی عەشقێکی بەرەڵڵا و
بەیاڵی جوانوویەک لە حیلەی سوور و
بەپۆیلانەی شەفەق و
بەپژوپۆی شێت و وێتی سەما و سووتان!

تۆ ئەتوانی ئەم ئێوارەی سەفەرە
بکەیتەوە بەگەڕانەوەی بەیانی.
ئەنگۆرە بخەیتەوە ناو گزنگ و
وەرین بەریتەوە لای شکۆفە و
دابڕان بگۆڕی بەدیدار و
گۆچان بکەیتەوە بەتاژان!





تۆ ئەتوانی زەردەی فەنای ئاویلکەدان
لە زیواوی کازیوە هەڵکێشی و
باڵ لەم گۆرانییە گرمۆڵە و کەسیرەیە
بڕوێنیتەوە و، لەم دۆڵە کپەی جەستەوە
پێکەوە چریکە و هەلاڵە هەڵقوڵێنیتەوە و
دیسانەوە شەقژن شەقژن
بەرزم کەیتەوە و
بەرزەفڕ، بەرزەفڕ
بمخەیتەوە ناو ئاسمان!

مۆمێکی پیرەمێرد
لەوسەری تونێڵی عومرەوە
ئەبینرێ و نابینرێ و ئەکوژێتەوە و
ناکوژێتەوە و، خەونێک ئەسووتێ و
ناسووتێ و، پرتە پرتێ لە یاد و
کزە کزێ لە هیوا.
شەوقێک نەخۆشیی زەمانی
سێبەر و نسێ و، لەرزە لەرزێ
لە کلووی وڕێنەی پەراگەندە و
تروسکەیەک بەشەلەشەل
لەوسەری ڕووتەنی عەدەمەوە
دێت و ئەگات و ناگاتە
بەردەمی "ئێستا"!





خەونێک وەکو گوناهی سپی
بەقرتاوی کۆچ ئەکا و
چون زەردەخەنەی مردنیش
بەهێواشی ئەنیشێتە سەر لەوحی وجوود و
بەئەسپاییش وەکو بزربوونی گمەیەک
لە بێشەلاندا، ئەبێتە تراویلکەی
بەراییی ئەبەدیی بەردەمی خودا!

مۆمێکی پیرەمێرد
نهێنییەکی تەنیا.
خەڵوەتێ لە بێ ئارامی و
یەقینێ لە گومان و
دەنگێک لە بێ دەنگی و
توانەوە لە توانەوەدا و
خەون لە ناو بێ خەونیدا و
پرسیار لە ناو پرسیاردا و
بێهودەییش هەمیشە
لە شەوەکانی وەڵامدا!





مۆمێکی پیرەمێرد
لەوسەری تونێڵی عومرەوە
خەونێک ئەسووتێ و ناسووتێ و
پرتە پرتێ لە یاد و
کزە کزێ لە هیوا!

ئەی پەرچووی خۆشەویستی
ئەی ژنە موجیزە!
من وەکو سووتانی شاخ و ژن کۆنم.
وەک ڕەزە ناکامەکان و مەراقی
ئاو و شپرزەییی شۆڕەبی کۆنم.
کۆنم لەگەڵ ئاپوورەکەی
خەمی خەڵکا.





وەلێ تازەم وەک ئەم شیعرەم
تازەم بەخەڵوەتی تەنیایی و
خودی گریانی وشەی خۆم.
من کۆنم لەگەڵ زایەڵەکەی نانی برسی و
ئاوی تینووی ئەم و ئەودا و
چون شەوی بێوەژن گریام
بۆ بێکەسیی ڕەنگی ڕەش و
لەگەڵ "با"دا لاواندمەوە
بۆ گەنم و جۆی جوانەمەرگ و
لەگەڵ کەناردا کۆتەڵم
بۆ شەپۆلی کوژراو گێڕا و
لەگەڵ "مانگ"دا لە ناو خەرمانەکەی
ئەودا، شاییمان کرد
بۆ بووک و زاوای درەختی دارستان و
وەلێ ئەفسووس.
بەتەنها بۆ خۆم ئەگریام!

وەلێ هەر بۆ خۆم نەبوومە
ئاوێنەیەک بۆ بەردەمی حەزەکانم و
پەنجەرەیەک بۆ شیعری خۆم!
من هەناسەی خۆمم هەبوو
کەچی دامن بەهەناسەی ئەوانی تر
من وەتەنێکم هەبوو هەر هی خۆم
کەچی بەخشیم بەوەتەنی ئەوانی تر.
من مانگەشەوی خۆم هەبوو
ئەویشم دا بەئاسمانی ئەوانی تر.





من وا تازە دێمەوە ناو
قۆزاخەکەی شەوی خۆم و
ئەگەڕێمەوە بۆ ناو خۆم
درەنگ گەڕامەوە درەنگ
بۆ لای کرووزەکانی پەلکە گیای
ڕۆحی خۆم و
درەنگ گەڕامەوە بۆ لای
ژووری ژانەکانی خۆم و
کورسی خۆم و، چرپای خۆم و
خەوی خۆم و پرسیاری خۆم!

ئەوەی بۆی نەبووم غەریبیی ڕەنگی خۆم بوو!.
ئەوەی بۆی نەبووم ئاسمانی چاوی خۆم بوو.
ئەوەی بۆی نەبووم فڕینی سەری خۆم بوو.





من غەریب بووم بەغەریبیم.
گەروو هی خۆم و هاوارم
هەر بۆ گەرووی ئەوانی دی.
چاو هی خۆم و فرمێسکمدا
بەکۆڤانی ئەوانی دی.
خۆم قاقڕ و
چی گەواڵە هەورم هەبوو
باراندم بۆ ئەوانی دی!.

که بووم بەسروود لێم ون بوو
حەیرانەکەی ناو ڕۆحی خۆم.
که بووم بەزەنگی بێداری هەموو کەسێ
ونم کرد و بیرم چۆوە
زرنگەکانی تەنیاییی ناو ناخی خۆم!
که بووم بەشەقامی گشتی
شەقامەکەی خۆم بن بەست کرد.
ناوی خۆم لە ناو ناواندا
زیندانی کرد
من حەزی خەڵکم بردەوە و
حەزەکانی خۆمم دۆڕان!
"هەر ڕووبارێ وەختێ بگاتە دوو ئاوان
ئیتر دەموچاوی خۆی و دەنگی خۆی و
بالای خۆی و پێناسەکەی لێ ون ئەبێ.
هەر درەختێ لەشی خۆی دا بەموتوربەی
دارێکی تر ئیتر ئەوسا ڕەنگی خۆی و
تامی خۆی و ناوەکەی خۆی لێ ون ئەبێ"





ئەی تەپونمی شەکەتی دوا دوایەکانی پایز! ئەی
مەراقی کۆماوە و ئەی درەختی پیرێژن!
ئێوە فریای گەڕانەوەیەکی تر ئەکەون بۆ لای
باڕێزە گەنجەکان و بەستەی قنج و درەختی کچ؟!
ئەی باڵە ڕووتاوە و ماندووەکانی هەڵفڕین
ئەی ئێوەیش فریای گەڕانەوەیەکی تر ئەکەون
بۆ لای چریکە شینەکانی فەزا و، جووتی نازەنین؟!

ئەی خۆڵەمێشی ئاگردانەکانی بیرەوەری و ئەی ئاوێنە
پەستەکانی دیواری بیرچوونەوە! ئەی ئێوەیش
فریای گەڕانەوەیەکی تر ئەکەون بۆ لای
گڕی پرتەقاڵی و دێنەوە لاتان، دێنەوە
بەردەمتان، گمە گمی کۆتری مەم و دەم و
لێوی گوڵەکان و پرچەکانی عەشق و ئەوین؟!
ئەی مۆمی پیرەمێرد! ئەی تۆ، ئەتوانی
ئەم توانەوەیە بگێڕیتەوە بۆ بالآت؟!
فریای ئەوە ئەکەویت شیعرێکی تازەتر بێتە
خەوت؟ و فریای ئەوە ئەکەوێت تریفە و
جریوە و قوڵپە قوڵپ و هاژە هاژ بنووسیت؟!
فریای ئەوە ئەکەویت لەم خەڵوەتە تازەیەتدا
خودی لە دەس چووت، نەغمەی لە دەس چووت،
بێنیتەوە بەردەمی دە پەنجەی تازە و دیسانەوە
لە سفری تۆوە، لە سفری خونچەوە، لە سفری
خەیاڵەوە دەست پێ بکەیتەوە، وەکو گزنگی
بەیانیان پڕ بیتەوە لە منداڵی و لە گومان و
هەر بپرسیت و بپرسیت؟! فریا ئەکەویت؟





ئەی پەرچووی خۆشەویستی
ئەی ژنە موجیزە!

مەگەر تۆ، تۆ بتوانی:
بەدوو وشەی زەردەخەنە
بمکەیتەوە بەباڵای گوڵەبەڕۆژەی
ناو قەسیدە!
بەیەک ڕستەی سەرنج لێدان
بمکەیتەوە بەپێدەشت و مێرگی پەخشان.
تەنها هەر بەمشتێ قسە
بمکەیتەوە بەجۆگەی کورتە چیرۆک و
بەیەک پەرداخی گفتوگۆ
بمکەی بەجوانترین شانۆ.
مەگەر هەر تۆ، تۆ بتوانی
بەیەک قوم ماچ
بمخەیتەوە هەڵقوڵێن و
بەیەک لاولاوی ڕامووسان
بمخەیتەوە هەڵفڕین و





مەگەر هەر تۆ، تۆ بتوانی
ئەم پاییزە پیرەمێردە
جارێکی دی، لە خۆتدا بڕوێنیتەوە
هەر بۆ ئەوەی بەر لە دواجار
لەم خەڵوەتە سپیەدا
بۆ خەزانی تەنیاییی خۆی
شیعرێ بنووسێ ئەوەندەی
عەشقت قوڵ و
هێندەی غەریبییەکەی خودایش
تاق و تەنیا!

سلەیمانی – سەرەتای ۲۰۰۷

# جیهان لە ماچێکدا

## دکتۆر شاهۆ سەعید

لە نەخشەی شیعری کوردیی نوێدا شێرکۆ بێکەس، تا ئێستا، وەک شاعیری یادەوەریی نەتەوە و، وەک گوزارشتکار لە ئیرادەی دەستەجەمعی لە بەرامبەر پەرتبوون و ڕۆچوون بەخەمە فەردییەکاندا دەرکەوتووە. خەم لای ئەو هەمیشە لە مناڵدانی شکستە گەورەکانەوە هاتۆتە دەرێ و ئاسۆی خەونیش بەسەر تەختی شانۆی کەشێکی ئیحتفالیی نەتەوەییدا کشاوە. دەنگی شیعریی شێرکۆ بێکەس سەدای دەنگی مرۆڤێک نییە کە لە ژێر بریسکانەوەی فرمێسکی خۆیەوە بڕوانێتە گەردوون، بەڵکو دەنگدانەوەی مێژوویەکی فرە دەنگە کە چیرۆکی هەستانەوە و قارەمانێتیی پاش شکست و گلانی سوارچاکە مەزنەکان دەگێڕێتەوە. چڕینی گۆرانی بۆ جوامێری و ئیرادەی پیاوە شۆڕشگێڕەکان لە پاڵ بەپیرۆزکردنی ڕەگەزی مێینە، وەک بوونەوەرێکی فریشتەییی بێ گەرد، کە نێچیری کولتووری جوامێرییە، ئەو دوو نەغمە بەرزەی ئەزموونی شیعری ئەون کە لە (دوو سرووودی کێوی)یەوە تا (ملوانکە) نۆرە بەنۆرە، نەک پێکەوە، دەبیسترێن. ئیتر کاتێ ئیرادەی نێرینە قسە دەکا دەنگی هەموو نەتەوە دەبێتە کۆرس و مێینەیش لە کونجی بێ دەنگی و شەرمدا، سەراسیمە، چاوەڕوانی سوارچاکێکی ئەفسوونییە... لە بەرامبەریشدا، وەک جۆرێک لە قەرەبووکردنەوەی ئیستاتیکی، کاتێک مێینە خۆی نمایش دەکا خەرمانەیەک لە پیرۆزی لە قەد و باڵای دەئاڵێ و نێرینەکان، بەجوامێرەکانیشەوە، دەچنە قەفەزی تۆمەت و ژێر باری گوناهێکی گەورەوە. بەڵام ئەڵقەی ون لە نێوان ئەم دوو سترێسە بەرزەی ئەزموونی شێرکۆییدا وێنەی ئینسانە لە ناوەڕاستدا، وێنەی پیاوە لە چرکەساتی ئیعتراف و لاوازی و فرمێسکدا و... وێنەی ژنە، وەک کائینێکی زەمینی کە تەنها لە ئامێزی ویدا پیاو دەسبەرداری وێنە ئەبستراکتەکانی ئیرادە دەبێ. ئیتر بەدەگمەن پیاو سەدای دەنگی ڕاستەقینەی خۆی دەناسێتەوە و گوزارشت لە خەمە





فەردییەکانی خۆی دەکا... بەدەگمەنیش ژن وەک نیشتمانی ئیعترافە تایبەتەکان، نەک نیشتمانی زەوتکراوی هەموو نەتەوە، دەردەکەوێ.

(تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن)[١] ناونیشانی دواهەمین قەسیدەی شێرکۆ بێکەسە، کە تیایدا ڕوویەکی جیاوازی ئەزموونی خۆی نیشان دەدا، ڕوویەک هەڵگری ئیعترافێکی خەمبارە لە پێناو دۆزینەوەی ئەو ئەڵقە ناوەڕاستەی بووندا، کە تەنها بەتێپەڕاندنی جیهانی دوالیزمە فریوبەخشەکان دێتە بوون، لە سەرروو هەمووشیانەوە دوالیزمی (نێر و مێ). ئەو نێرەی لەم قەسیدەیەدا قسە دەکا خاوەنی مەیلێکی قووڵە بۆ دۆزینەوەی هەرێمە نادیارەکانی جیهان، کە جیهانێکی هەنووکەییە نەک مێژوویی، یادەوەرییەکی ئیرۆتیکیی فەردانی دەیبزوێنێ و چیتر نابێتە ئاڵتەرناتیڤی هیچ یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ، بەدوای جیهانێکدا وێڵە کە تەنها ماچ و ئاوێزانی نێوان دوو ڕەگەزەکە دەیگەیەنێتە لوتکەی درەوشانەوە و بەرجەستەبوون. ماچ دەبێتە ئەو ئیکسیرەی کە سەرلەنوێ بەجیهانی دەناسێنێتەوە، بەهەموو دەوڵەمەندی و جوانییە لە دەستچووەکانییەوە.

گەر ناونیشان کلیلی گرنگی داخڵبوونی هەر دەقێکی ئەدەبی بێ، ئەوا ئەو مانا بەراییەی کە لە ناونیشانەوە دەستمان دەکەوێ و پاشان بەیەکەوە لە وێنە و لقە بنیاتەکانی تری دەقەکەدا پەخش دەبێتەوە، ئەو جیاوازی و بەراوردەیە کە لە نێوان دۆخی بێ دەنگی و سکوونی بەر لە ماچ و دۆخی هاژە و بزاوت و ئاوێتەبوون لەگەڵ گەردوونی پاش بەیەکگەشتندا دەبینرێ. هەندێ جار مرۆڤ لە دۆخی دابڕان و تەنهاییدا، هێندە بەئیرادەی پەتیی خۆیدا ڕۆدەچێ و هێندە تووشی نامۆیی دێ، بەجۆرێک لە جیهان و ئەوانی تر دوور دەکەوێتەوە، کە ئیتر وردە... وردە ڕایەڵەکانی پێوەندی لەگەڵ ژیان و، لەوەش ترسناکتر، لەگەڵ خۆیدا لە دەست دەدا. مرۆڤ دەبێتەوە ماتریاڵێکی پەتی، کە تەنها پەیوەندییەکی فیزیکی، وەک هەموو شتە بێ گیان و بێ ژیان و بێ خەونەکان، دەیبەستێتەوە بەجیهانەوە. بەڵام جیاوازیی کارەساتی مرۆڤ کاتێ دەچێتە دۆخی سکونەوە، لەگەڵ کارەساتی بەرد – وەک نموونە – کاتێ لە دۆخی سکونێکی ئەبەدیدایە، لەوەدایە کە مرۆڤ هەندێ جار دەنگێک لە ناخەوە بەئاگای دێنێتەوە و پێی دەڵێ: تۆ سەر بەپۆلی کائینە خشۆک و بێ دەنگەکان نیت، بەڵکو سەر بەجیهانی خەون و فڕین و ئاوێتەبوونیت لەگەڵ

هارمۆنیکای گەردوونیدا. مرۆڤ هەمیشە هەست دەکا فیردەوسێکی ون کردووە کە بێ وچان لە هەوڵی دۆزینەوەیدایە، فیردەوسێک لە تەمتومانی ئاسۆدا بەئاستەم دەبینرێ، فریوی دەدا تا بەرەو ڕووی بڕوا، بەڵام هەر ئەوەندەی لە تخوبەکانی نزیک کەوتەوە، ئیتر سەرلەنوێ لە تەمتوماندا ون دەبێ و لە ئاسۆیەکی لێڵ و دوورتردا دەردەکەوێتەوە.

عاشقە ئیشراقییەکان پێیان وایە سەرچاوەی نامۆیی لە ژیاندا دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی مرۆڤ لە جیهان. مرۆڤ لە بنەڕەتدا کائینێکی گەردوونییە، لە دۆخی یەکێتییەکی ڕۆحیدایە لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی تردا، بەڵام پاش ئەوەی لە پێگەیەکی بالاترەوە، وەک بابەتێکی پەتی، دەڕوانێتە جیهان، ئیتر وردە... وردە تووشی ئیغتراب دێ لەگەڵ بەشە ڕەسەنەکەی خۆیدا کە جیهانی دەرەوەی جەستەی پەتییەتی. مرۆڤ پێویستی بەئیکسیرێک هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەو جیهانە ونبووە، کە یەکەمین جێژوانی بەیەکگەیشتنەوەی نێوان مرۆڤ و گەردوون ڕێک دەخاتەوە. ئەو ئیکسیرە لە ویصاڵی نێوان دوو ڕەگەزەکەوە دەست پێ دەکا، بەئاوێزانی نێوان هەموو ڕەگەز و پێکهاتە لێکدابڕاوەکانی گەردووندا تێ دەپەڕێ، تا دەگاتە وێکهاتنەوەی مرۆڤ لەگەڵ ڕەهادا و لەو ڕەهایەتییەشدا ون دەبێ. بەڵام ئەم ونبوونە لە ونبوونی بەر لە عیشق ناچێ، چونکە بەر لە عیشق مرۆڤ جیهانی لێ ون دەبێ، بەڵام پاش عیشق ئەنانیەت و غروری خۆی ون دەکا و لە گەردوونێکدا سەر دەردێنێتەوە کە (خود) بەشێکە لە جیهان و جیهانیش بەشێکی دانەبڕاوە لە خود.

یەکێک لە سەرچاوە ئیستاتیکییەکانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی فیکری ئیشراقی بوو. ئەندێشەمەند و شاعیرە ڕۆمانتیکەکانیش هەروەک عاشقە ئیشراقییەکان پێیان وابوو ڕێگاکانی دۆزینەوەی خود لە دۆزینەوەی جیهانەوە دەست پێ دەکا، بەڵام تەیکردنی جیهانیش لە دۆزینەوەی بەشەکەی تری مرۆڤەوە دەست پێ دەکا کە ڕەگەزەکەی ترە.

مرۆڤ وەک ئەفسانە گریکییەکە دەڵێ، کائینێکی دوو پشتە، تەنها ئەو کاتە وەک بەشێکی دانەبڕاو لەگەڵ جیهاندا یەک دەگرێتەوە کە سینگ و ڕوخسار و لێوی ئاوێزانی سینگ و ڕوخسار و لێوی ڕەگەزەکەی تر دەبێ و پێکەوە دەبنە تاقە بوونەوەرێکی جووت پشت. ئیدی هەموو گەردوون دەبێتە ئەو و ئەویش دەبێتە ئەم.





ماچ یەکەمین ئیکسیری ئەو یەکێتییە ئەنتۆلۆجییەی نێوان خود و سروشتە. واتە بەهەمان ئەو ئەندازەیەی مرۆڤ غەرقی سروشت دەبێ، سروشتیش دەبێتە ئاوێنەیەکی دەستی مرۆڤ کە وێنە نەدۆزراوەکانی خۆی تیا دەبینێتەوە.

وێنە ڕاستەقینەکانی ژیان تەنها لە دۆخی یەکێتییەکی وجودی، ڕۆحی و جەستەیی، لەگەڵ ڕەگەزەکەی تر و، لەوێشەوە لەگەڵ سەراپای بووندا دەبریسکێنەوە و تەنها لە چرکەساتە ئیشراقییەکاندا تەجەللا دەکەن. خود لەو ئەشکەوتە دەربازی دەبێ کە لە تاقە دەلاقەیەکییەوە لێوەی دەڕوانێتە گەردوون، دەچێتە حاڵەتی پژان و فەیز و دەڕژێتە ئۆقیانووسی جیهانێکەوە کە جیهانی پێش ماچ نییە، بەڵکو جیهانێکە پڕاوپڕە لە خود، پڕاوپڕە لە ئەو، پڕاوپڕە لە سروشتی بێ کۆتای بەر لە ناونان و بەر لە سەفەر و دابڕان. لە کاتێکی وادا تەنها خود بەڕووی جیهاندا ناکرێتەوە تا مانای نوێی پێ ببەخشێ، بەڵکو جیهانێکیش دەپشکوێ، کە ملکەچی هیچ کام لەو یاسا مرۆییانە نییە، کە خۆی بۆ خۆی، پێوانەی کات و شوێن و بارستایی پێ کردووە:

(تۆ ئەتوانی ئەم ئێوارەی سەفەرە
بکەیتەوە بەگەڕانەوەی بەیانی.
ئەنگۆرە بخەیتەوە ناو گزنگ و
وەرین بەریتەوە لای شکۆفە و
دابڕان بگۆڕی بەدیدار و
گۆچان بکەیتەوە بەتاژان).

مرۆڤی بەر لە عیشق، بەدەستی خۆی، دەرگاکانی جیهانی ڕاستەقینە لەسەر خۆی دادەخا و کلیلی ئەو دەرگایانەش ون دەکا، پاشان بێهوودە بەدوایاندا دەگەڕێ، بەو ئومێدەی لە گۆشەیەکی جیهاندا بیاندۆزێتەوە. بەڵام کارەساتی ڕاستەقینە لەوەدایە کە مرۆڤ نازانێ ئەو کلیلە بەخودی دووەمی خۆیەتی کە ڕەگەزەکەی ترە. چونکە مرۆڤ بەشێکە لە هارمۆنیکای مۆزیکێکی گەردوونی، کە لەگەڵ بەشەکەی تری خۆیدا تێکەڵ بەمەدارە دوورەکانی گەردوون دەبێت. بەڵام ئەو سیمفۆنیا گەردوونییە پارچەیەکی یەکانگیرە و پێکهاتەکانی یەک تەواوکەرن، ملکەچی یاساکانی دووری و

نزیکی، ئایندە و ڕابردوو، زەمین و ئاسمان... نییە. کاتی خۆی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، لە خەڵوەتە شیعرییەکانیدا، لەگەڵ بیستنی ئاوازە گەردوونییەکانی عیشقدا، تێکەڵ دەبۆوە بەنۆتە گەردوونییەکان و بەخەڵکی دەوت: "ئەم ئاوازانەی دەیانبیستین دانراوی ئێمە نین، بەڵکو دەست و پەنجەیەکی ئاسمانی دەیانژەنێ، ئاوازگەلێکی ئەزەلین، هی سەردەمی عیشقی ئادەم و حەوان، تا ئەبەدیش بەزیندوویی تێکەڵ بەمەداری ئەستێرەکان دەبن". ئێمە کە دەبینە عاشق دەبینە بەشێک لە سیمفۆنیای ئاسمانی، بەڵام ئیتر ئەوە ئێمەی پەتی نین، بەڵکو ئێمەی گەردوونین، دەبینە خاوەنی باڵێک بۆ فڕین، بۆ تەیکردنی دوورترین ئەو هەرێمە نەدۆزراوانەی کە تەنها خەیاڵی عیشق پەی پێ دەبا:

(تۆ ئەتوانی...
باڵ لەم گۆرانییە گرمۆڵە و کەسیرەیە
بڕوێنیتەوە و، لەم دۆڵە کپەی جەستەوە
پێکەوە چریکە و هەلاڵە هەڵقوڵێنێتەوە و
دیسانەوە شەقژن... شەقژن
بەرزم کەیتەوە و
بەرزەفڕ... بەرزەفڕ
بمخەیتەوە ناو ئاسمان).

ئاسمان فەزایەکی ناکۆتایە، خەیاڵی مرۆڤیش ناکۆتا. مرۆڤ هەست دەکا خەونەکانی لەوە گەورەترن کە بەتەنها لە جەستەی خۆیدا بپەستێنرێن. ئەوین چرکەساتێکە کە تیایدا تواناکانی مرۆڤ دیوارەکانی جەستە دەبەزێنن. ئەویندار بۆ یەکەمین جار هەست دەکا بڕێک لە بوونی لە دەرەوەی خۆیەتی. کاتێک بەو بڕەی بوونی خۆی شاد دەبێتەوە، ئیتر دەبینێ لەوە مەودا دوورترە کە هەیە... دەبینێ ئەو تەنها خاوەن جەستەیەکی سنووردار نییە، بەڵکو بەشێکیش لە ڕۆحی نەمریی تێدایە. واتە تەنها سەر بەجیهانی فیزیک نییە، بەڵکو لە جیهانی میتافیزیکیشدا پشکێکی هەیە.

بەڵام جیاوازیی نێوان عاشقی ئیشراقی، کە دوا خەمی وێکهاتنەوەیە لەگەڵ ڕەهای





میتافیزیکدا، لەگەڵ عاشقی ئیرۆتیکی و زەمینی، کە ڕەهای میتافیزیکی وەک بەشێک لە خەونە خشۆکەکانی سەر زەوی دەبینێ، لەوەدایە کە عاشقی یەکەم تەسلیمی جۆرێک لە ئەمانی دەروونی دەبێ و لەو ئەمانەدا فەنا دەبێ، بەڵام دووەمیان کائینێکی بەرزەخییە و ئەوین بەوێستگەی نیگەرانییەکی قووڵ دەبینێ، لە نێوان واقع و خەون، ڕابردوو و ئایندە، حەز و چەپاندن، بوون و مەرگ. خەیاڵ دەبێتە وێستگەی بەیەکگەیشتنی دوو جەمسەری هاودژ، کە ئەمپەڕ و ئەوپەڕی هەموو دوالیزمەکانی ترن، واتە: ژیان و مەرگ، بوون و عەدەم:

(مۆمێکی پیرەمێرد
لەوسەری تونێلی عومرەوە
ئەبینرێ و نابینرێ و
ئەکوژێتەوە و ناکوژێتەوە (...)
تروسکەیەک بەشەلە شەل
لەوسەری ڕووتەنی عەدەمەوە
دێت و ئەگات و ناگاتە
بەردەمی "ئێستا"!)

لە دەستدانی جیهان واتە لە دەستدانی شیعریەتی، خەمە تایبەتەکان واتە بزرکردنی ئاستێکی کەینونەی شیعری کە مرۆڤ وابەستەی بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکا، بوونی بەر لە پەرتبوون لە جوگرافیای بەرژەوەندی و ژاوەژاوی حوکمە سەرپێییەکاندا. مرۆڤ لە بنەڕەتدا، نیشتەجێی سەرزەمینێکە کە بەشیعر بنیاتی دەنێ. بەڵام هەندێ جار ئەوە لە یاد دەکا کە خۆی ئەفرێنەری ئەو سەرزەمینە شیعرییەیە. هەر بۆیە کاتی خۆی شاعیری گەورەی ئەڵمان "هۆلدرلێن" دەیوت: "مرۆڤ هەڵگری چەندین خەسڵەتی گرنگە، بەڵام گرنگترینیان شێوازی نیشتەجێبوونییەتی... مرۆڤ کائینێکە تەنها لە ڕێگەی شیعرەوە دەبێتە نیشتەجێی سەر زەمین". شیلینگ–ی فەیلەسوف و گۆتە و هۆلدرلێن و شاعیرە ڕۆمانتیکەکان پێیان وابوو مرۆڤ جیهانی بزر کردووە، بەڵام تەیکردنی جیهان لە پێناو دۆزینەوەی جیهاندا فێڵێکە مرۆڤ لە خۆی دەکا و کارەساتێکە بەمەرگی ڕەمزیی مرۆڤ خۆی

کۆتایی دێ. هەر بۆیە ڕێگاکانی دۆزینەوەی جیهان، لای شاعیرە ڕۆمانتیکی و ئەندێشەمەندە ئیشراقییەکان، تەنها لە شاڕێگای دۆزینەوەی خودەوە دەست پێ دەکا. بەڵام ئەو نیگانوما شیعرییە مرۆڤ ناکاتە کائینێکی خودپەرست هێندەی دەیکاتە بەشێک لە جیهانی بەر لە پەرتبوون و بەر لە دابەشبوون بەسەر (خود)ە جیاوازەکاندا.

هەندێ جار لە هەندێ داخزانی شیعریدا، کاتێ شیعر ستریسی وجودی و هەناسەی ڕۆمانتیکی لە دەست دەدا، ئیدی جیهان لە وێنەی خودێکی میتافیزیکی پەتی، یان خودگەلێکی فیزیکی دەرەکیدا ئیختزال دەکرێ. لە شیعرەکەی شێرکۆ بێکەسیشدا جۆرێک لە ئیعتراف بەدی دەکرێ، ئیعتراف بە لە دەستدانی جیهان، بەڵام دیوی دووەمی ئیعترافە بە لە دەستدانی خود... ونکردنی وێنەی جیهان، لە پێناو دووبارەکردنەوەی وێنەیەکی دەستەجەمعیدا، جیهانێکی ساختە دەسازێنێ کە پڕە لە هەموو شتێک جگە لە خود. لە داخزان و ونبوونێکی لەم جۆرەدا، ئەو سەر زەمین و نیشتمانەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی شیعرەوە بنیاتی دەنێ، دەبێتە جۆرێک لە کاڵای ڕەمزی کە دێتە بەرهەم بێ ئەوەی ببێتە مەنزڵگایەکی ئەنتۆلۆجی. واتە جۆرێک لە نامۆبوون دروست دەبێ، وەک ئەو نامۆبوونەی کە مارکس دەیوت لە نێوان مرۆڤ و کاڵا مادیەکاندا هەیە، بەڵام ئەمجارە لە نێوان مرۆڤ و کاڵا ڕەمزییەکانیدا دروست دەبێ:

(من هەناسەی خۆمم هەبوو
کەچی دامن بەهەناسەی ئەوانی تر.
من وەتەنێکم هەبوو هەر هی خۆم
کەچی بەخشیم بەوەتەنی ئەوانی تر.
من مانگەشەوی خۆم هەبوو
ئەویشم دا بەئاسمانی ئەوانی تر.
من وا تازە دێمەوە ناو
قۆزاخەکەی شەوی خۆم و
ئەگەڕێمەوە بۆ ناو خۆم.





درەنگ گەڕامەوە درەنگ
بۆ لای کرووزەکانی پەلکەگیای ڕۆحی خۆم و
درەنگ گەڕامەوە بۆ لای
ژووری ژانەکانی خۆم و
کورسیی خۆم و، چرپای خۆم و
خەوی خۆم و پرسیاری خۆم!).

ئەو مەستییەی ئەوین و هەستیاریی ئیشراقی دەیبەخشێ یەکێکە لە سەرچاوەکانی پڕانی زمان و درکاندنی ئیعتراف. مەستی، لە کولتووری ڕۆمانتیکی و سۆفیگەریدا، بریتییە لەو دۆخەی کە مرۆڤ هەموو پێوەندییەک بەئەقڵی عەمەلی و لۆجیک و ئاگاییەوە لە دەست دەدا و لە چاودێریی زمان و ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی و ڕەسمی دەربازی دەبێ[٢]. لە کاتی مەستیدا کەسی ئەویندار هەست دەکا خەرمانەیەک لە پریشکی نەمری لە مەعشوق ئاڵاوە، مەعشوق لە شوێنێکی پەنهانەوە بانگی دەکا، ئەو شوێنەش هیچ کوێ نییە جگە لە ناخی مرۆڤ خۆی. لە کاتێکی وادا، چیتر زمان ئامرازێک نییە بۆ پێوەندی بەستن لەگەڵ دەرەوەدا، بەڵکو ڕاستتر ئامرازێکە بۆ دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ (خود)دا.

مرۆڤ لە پێگەی خودەوە ناخی خۆی ڕۆشن دەکاتەوە. زمانی شیعری دەبێتە ئامرازێک بۆ پتەوکردنی پێوەندی لە نێوان (من) و (ئەو) و (جیهان)دا. فرۆیدیش وەک مارکس پێی وابوو مرۆڤی ئەم سەردەمە تووشی نامۆبوون هاتووە، بەڵام لەگەڵ کاڵا ماتریاڵەکاندا نا بەڵکو لەگەڵ خودی خۆیدا، چونکە لە ناو تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز و دەزگایەکی بەرهەمهێنانی ڕەمزی و پاراستنی یاسا و نەریتی ئەوتۆدایە کە خودی خۆی لە یاد کردووە، لە لایەکەوە لە ژێر سانسۆری کۆمەڵدایە، لە لایەکیشەوە لە ژێر سانسۆری خودی خۆیدایە. لەو نێوندەدا شوناسی مرۆڤ لەت لەت دەبێ وەک لەتبوونی ڕووبارێک کاتێ بەسەر چەند لقە ڕووبار و چەمێکدا دابەش دەبێ، ئیتر هەرچەندە ڕووبارەکە لەسەر ئاستی سروشتی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نافەوتێن، بەڵام ناو و شوناس و مانا ڕەمزییەکانی ون دەبن:

(هەر ڕووبارێ وەختێ بگاتە دوو ئاوان

ئیتر دەموچاوی خۆی و دەنگی خۆی و
باڵای خۆی و پێناسەکەی لێ ون ئەبێ.
هەر درەختێ لەشی خۆی دا بە موتوربەی
دارێکی تر، ئیتر ئەوسا ڕەنگی خۆی و
تامی خۆی و ناوەکەی خۆی لێ ون ئەبێ).

شیعر دەڕوانێتە شتەکان وەک ئەوەی پێشتر ناو نەنرابن، دەڕوانێتە جیهان وەک ئەوەی پێشتر بیری لێ نەکرابێتەوە. لەو جیهانەدا کە هیچ پێناسەیەکی وەستاو و جێگیر قەبووڵ ناکا، پرسیارێکی سەخت و نیگەرانییەکی ئەنتۆلۆجی مرۆڤ دادەگرێ و هەست دەکا ئەوەی بینیویەتی هەموو جیهان نەبووە، بەڵکو تەنها بڕگەیەکی زۆر بچووکی بووە، ئەوەی ژیاوە خود نەبووە، بەڵکو زاتێک بووە یەخسیری تۆڕێکی کوشندەی پابەندییەکان بووە بەوانی ترەوە. پرسیاری شیعری لەسەر ئیمکانییەتی تێپەڕاندنی دوالیزمی خود/بابەت (Subject/Object) دادەمەزرێ، کە دوالیزمێکە توانای خەون و ڕەهابوون سنووردار دەکا و جیاکاری دەخاتە نێوان جیهان، بەهەموو دەوڵەمەندییەکانیەوە و، مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە توانای ئەزموونکردنی ئەو دەوڵەمەندییانەی جیهان لە دەست دەدا. جیهانێک کە ئەزموونی شیعری و کەینونەی شیعریی هەر مرۆڤێک، تەنانەت گەر شاعیریش نەبێ، دەیخوازێ... جیهانێکە پڕاوپڕ لە خود. (خود)ێکیش کە ئەو ئەزموونە دەینووسێتەوە خودێکی دابڕاو نییە لە جیهان، بەڵکو بەرهەمی کۆی پەیوەندییەکانیەتی بەجیهانی بێ کۆتاوە، کە زۆر جار لە وێنەی مەعشوقێکی نهێنیی بێ کۆتادا تەجەللا دەکا، مەعشوقێک لە سەرابگە و تەمتومانی خەوندا ئامادەیە و... هەمیشە مرۆڤی عاشق فریو دەدا بەڵام تەسلیمی نابێ، نەبادا سیفەتی نەمری بدۆڕێنێ و ڕەگەزی ئەبەدییەت لە دەست بدا.

---

(١) شێرکۆ بێکەس، "تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن"، ڕەخنەی چاودێر، ژ ٥٤، ٢٠٠٧/٢/١٩، ل ٢.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەوینی عیرفانی، بڕوانە: شاهۆ سەعید، "لە چاوی دڵەوە بۆ نائاگایی..."، گۆڤاری سەردەم، ژ ٤٥، ٢٠٠٦، ل ١٣٤ – ١٥٢، هەروەها: شاهۆ سەعید، "پرسیاری سۆفی... پرسیاری شاعیر"، گەلاوێژی نوێ، ژ ١٧ – ١٨، ٢٠٠٠، ل ٢٠ – ٤٤.



**عەشق**

ئەلیزابێت
بیست ساڵی ڕێک، بیست حەسرەت و
بیست دووکەڵ و
بیست ئاوابوون و توانەوە!
بیرنەچوونێ
وەک نان و ئاو و شەراب و
خوێندنەوەم و
بیرنەچوونی... چاویلکەکەم.
بیرنەچوونێ
چون بیرنەچوونی قەڵەم و
ماچی شعر.





ئامادەبوونێ بەوێنەی
ئامادەبوونی هەناسە و
سییەکانم.
جیانەبوونەوەی ئەم سەرە و
هەردوو شانم.
دەست و پەنجە لە مەچەکم و
پەیڤیش لە زار و زمانم.

بیرنەچوونێ لە ناو تەمێکی تەنکدا
بەڕێوەیە و هەر دێت و دێ
هەموو ساتێ، سەرنجێکی،
خەندەیەکی
یان تنۆکێ لە قەڵبەزەی بەژن و باڵای
چرپەیەکی گوارەکانی
هەناسەیەکی ملوانکەی
لێم ئەدەن و خەوی زڕاو
تەڕ ئەکەن و خەو ئەچێتە
سەر چیچکان و
ئەلیزابێت دێتەوە ناو نیگاکانم.
دێتەوە ژێر چاوەڕوانیی
ڕواوی سەر چرپاکەم و
دێتەوە ناو شپرزەییی ڕۆژژمێرم.
بەهێواشی
سەر ئەداتەوە لە زەردەی
خۆرنشینم.
ئەگاتەوە ژووری فرمێسک.
دێتەوە بەردەم وەرینم!.





ئەلیزابێت!
بیرنەچوونێ
وەک بیرنەچوونی دیدەم بۆ
عەشقی "گۆیژە" هەموو ڕۆژێ.

چون بیرنەچوونی درەختی
بەر پەنجەرەم
بۆ تەماشام هەموو ڕۆژێ.
چون بینینی ڕوخساری خۆم
لە ئاوێنەی زنەیەکدا
هەموو ڕۆژێ.
وەک دانەبڕانی هەمیشەی:
هەردوو باسک و کراسەکەم
لە یەکتری.
شانە و قژم
لە یەکتری.
بادەکەم و پەرداخەکەم
پەنجەکانم و گیتارەکەم
لە یەکتری.





ئەلیزابێت!.
سەری پەنجەی، چاڵی گۆنەی.
بزەی پەرتی.
تەیری کۆتراوی سەر قۆڵی.
تاڵێ لە قژی ڕاکردووی.
مامزەکانی ئاوڕی.
هەوری بەرزاییی گەردنی.
ڕەنگی پەیڤی.
وشەی سرکی.

بۆنی ماچی.
گزنگەکانی تەماشای.
شەوی پرچی و
تریفەیەکی شەرمنی
نێوان مەمی.
تانگۆکانی نێو باوەشی و
موچورکەی ئاڵ.
دەنگی بێ دەنگیی نێوانمان
وەختێ مانگەشەو ئەهات و
ئەبوو بەشەقامی خەومان.
بوورانەوەی ئارەزوومان
لە ئامێزی یەکتریدا.
زەریا و چاوی و
گۆرانییەکی خوماری ناو بەلەم و
ئاسۆیەکی پرتەقاڵی و
منیش نەورەس.





مێزی تەختەی کافتریایەک
هەڵنیشتنی جووتە کۆتری
هەردوو دەستی
لە بەردەمما و
مریەمێ بۆتە مۆمدان و
منیش مۆم و
چاوی شەوقم لەو جوانییە
ناتروکێنم بۆ چرکەیەک!

دیسانەوە
لە گوێ زەریا شەپۆلی شین
شەپۆلی شێت
لەگەڵ شەپۆلی بەژنیدا
ئەویان ئەیبردم بۆ دوورگەی
خەونی دوور و
ئەمیان نزیک پرژە پرژی
فێنک... فێنک
لێمیان ئەدا.





لەشی ڕووتی ڕەنگ برۆنزیی
تەنها لە دوو ئاستدا سپی!
چاوی من و چاوی لم و
چاوی هەتاو
سەرخۆشانە، نیوە نوقاو
سرپی جوانی و
سرپی خودایان ئەبینی
دانەپۆشراو!

ئەوانە گشت لە ئیستەدا
تەنیاییم ئەکەن بەحەوزی
واق وڕماو و
پۆلە ئاخیشم بەجووڵەی
وردە ماسی.





لە ئیستەدا
وەختێ درەنگ
کە سەعاتم ئەکەوێتە وەنەوزدان و
بیرەوەریم لەسەر جێگە
باوێشک ئەدا و
شەو خەوی دێ.
ئەوسا ئیتر ڕەنگەکانی ئەلیزابێت
پرم ئەکەن لە قەسیدەی
ڕەش و سپی.

پڕم ئەکەن لە پەروانەی
دەوری لەشی.
پڕم ئەکەن لە ماچی سەوز
لە ڕامووسانی پەمەیی و
لە سەمایەکی نارنجی و
خۆزگەی سپی.





لە دواییدا
شەپۆل خۆی ئەکا بەژوورما و
وەکو "ڕامبۆ" لە کەشتییەکی
سەرخۆشدا
خەو لە ناو خەودا ئەبینم،
وا ئەزانم
بەپەپوولە داپۆشراوم و
بەمانگەشەو ڕەنگ کراوم و
عەشقێک بووە بەقەدەری
ئەم سەفەرە بێ کۆتایە و
ئەڕوا و ئەڕوا و
هەموو شەوێ لەگەڵ خۆیدا
بێهۆش بێهۆش هەڵم ئەگرێ و
ئەمباتەوە ڤینیسیا!.

ڕۆژی ڤالانتاین
٢٠٠٧/٢/١٤



هەمیشە،
ئەستێرکە،
پچووکەکان،
هەمیشە!

**١ – زەمان**

خۆی لە گۆڕدا و
بەڵام سەعاتەکەی دەستی
وا لە مەچەکێکی تردا!
خۆی لە گۆڕدا و
پاڵتۆکەیشی
وا لەبەر پیاوێکی تردا
تا هەتایە خۆی هەر ئەنوێ و
بەڵام سەعاتەکەی بێدار...
تا هەتایە ئیتر خۆی هەڵناسێتەوە و
بەڵام پاڵتۆکەی ئەمێستا
بەپێوەیە و، بەشەقامێکی نێو شاردا
پیاسە ئەکا
بەتیلەی قۆپچەی چاوێکیش
سەرنج لە ماڵە کۆنەکەی
پێشووی ئەدا!





**٢ – گۆڕان**

وەختێ بە(ناسک)یت نووسیم
هەورێ سەری لاپەڕەی گرت
بوو بە نمەنمەی باران.
کاتێ بە(زیز)بوونت نووسیم
خەیاڵ بوو بە گەڵای سیس و
قەڵەم چووە سوچێکەوە و وشەیش تۆرا.
کە ویستیشم بە(دابڕان)ت بنووسم
(سەر)م چۆڵ و
پەنجەکانم وشکیان کرد و
یەک دڵۆپم بۆ نەنووسرا!

**٣- تۆ**

چاوی تۆم نیشانی شیعرێ دا
وتی: ئاخ ئەبوایە ئەو لە ناو مندا بێ.
دەمی تۆم نیشانی باخێ دا
وتی: ئاخ ئەبوایە ئەو لە ناو
بەرزاییی چڵدا بێ.
پەنجەتم نیشانی (تارێ) دا
وتی: ئاخ ئەبوایە ئەو لەسەر ژێکانی
دڵم بێ.
گەردنتم نیشانی زێیەک دا
وتی: ئاخ ئەبوایە قەڵبەزەی دەنگم بێ.
ئەو دەمەی باڵات و هەر هەموو جوانیتم
بەڕووتی
نیشانی (دوارۆژ) دا





وتی: ئاخ خودایە
با مردن بمرێت و
ئەو نەمرێ!

**٤– تەنها شیعرێ**

وەکو قژم
چون ڕوخسارم
تەواو بەوێنەی هەڵەت و
چاڵ و چۆڵی قسەکانم
شیعرەکانم زۆریان پیربوون.
تەنها شیعرێ کە بەگەنجی مابێتەوە
وەکو قژت و
وەک ڕوخسارت و
قوڵپە قوڵپی ئاخاوتنت
ئەو شیعرەیە
کە بەماچ و
لێوەکانی تۆ نووسیبووم!





**٥– دووانە**

دووانەیەکن زۆر دوور لەیەک
چون خۆڵەمێش و گوڵەباخ
مژدە و کسپە، ڕەش و سپی
بەڵام هاتنیان چون یەکە.
کە دێن دەنگی پێیان نایە
کە دێن تۆ چاوەڕوانیان نیت
نە ئاماژەیان لە لایە و
نە لە دەرگای ماڵت ئەدەن
نە پێت ئەڵێن ئەوا هاتین
عەشق و
مەرگ!

### ٦- میرات

شاعیری خەمە سپییەکان
پۆلە مەلن
لەبەر ئاوێنەی جوانیدا
پەڕوباڵی وشە و ڕستە ڕەنگ ئەکەن و
لە فەزایشدا بۆ خۆشەویستیی باران و
خۆر باڵ ئەگرن.
شاعیرەکان
پۆلە هەورن
کە ئەیشمرن
لە دوای خۆیان
میراتێ لە... شنەشن و لە پەپوولە و نمەنم و
میراتێ لە... کەپرەکانی مانگەشەو و
نۆتەکانی گمەگم و
سامانێ لە... پێکەنینی وردە شەپۆل
بۆ عاشقانی سەرزەمین بەجێ دێڵن.





### ٧- سەفەرێک

لە دوای جەنگێ
ئاوازێک و چیرۆکێک و
قەسیدەیەک
بەسواری هەورێکی سپی
سەفەریان کرد...
بۆ لای گۆمێکی بێوەژن
لەسەر ئەوێ
بەباراندا هاتنە خوارێ و
لە خوارەوەیش لەگەڵ بادا
بەپێ ڕۆیشتن
تا گەیشتن.

ئاوازەکە خۆشەویستیی
کرد بەئاسمانێکی تازە و
چیرۆکەکە بوو بەتەیرێکی باڵ گەورە و
تیایدا فڕی.
قەسیدەکەیش بوو بەئاسۆ و
لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا
گۆمەکەی خواست!





**٨ – چیرۆکی دووکەڵێ**

ئەوسا ئێمە لەو شوێنەدا
ڕاست و درۆ
هەموو ناومان کوڕی شاخ و
مەشخەڵان بوو!
گوللە تۆپ و چاوی سوڵتان و خومپارە و
فڕۆکەکان، بەدوای ئێمەدا ئەگەڕان.

لە هەمان شوێن
چایخانەیەکی ئاوارەی کز و نەخۆش،
چایچییەکی دڵ پڕ لە تڵپەی کڵۆڵی و
ڕەنگ خۆڵەمێشاوی هەبوون
نە چایخانەکە بارەگای
پیاڵەی یاخی و
نە چایچییەکەیش پەشتەماڵی
بەر پشتێنی فیشەک لغ بوو.
بەیانییەک دۆزەخەکانی (کرملین)
هاتنە سەرمان...
هەر ئەوەندە و
چایخانە و چایچی چوونە ناو
دووکەڵێکی ئاسمانەوە و
ئێمەیش هەموو لە پەنجەرەی فرمێسکەوە
سەرسام سەیرمان ئەکردن!





**٩ – لە کەنارێکدا**

لە خەیاڵی شەپۆلێکدا
من شیعرێکم لە بیر چووبوو
دەریبێنم و بیهێنمەوە و
بیکەم بەباڵا ئاوێنە بۆ ئەو کچە.
وەختێ گەڕامەوە سەری
شەپۆل بووبوو بەئاوازێ
زەرد و سوور و
خەیاڵ بووبوو بەپاساری و
شیعرەکەیشم بەدار چوالەی
ئەو کەنارە!

**١٠ – نهێنی**

ئەی کچی جوان!
تۆ نە شاعیری و نە نەقاش
من هەردووکیان
وەلێ کێ ئەوە ئەزانێ
ئەوە چاوتە هەموو شەوێ
ئەو شیعرانەم بەدزییەوە ئەداتێ و
کێش ئەزانێ
ئەوە پەنجەکانی تۆیە
ئەو وێنانەم بۆ ئەکێشێ.





من ئێستاکە لەوە ئەترسم کە ڕۆژێ
چاوەکانت و پەنجەکانت
ئەم نەهێنییە دەرخەن و
بەشەقام و بەگەڕەک و
دنیا بڵێن:
لە ڕاستیدا ئا ئەم پیاوە
نە شاعیریشە و نە نەقاش!

**١١ – ڕۆحی غوربەت**

من ئەڵێم کێ ئەگاتە ناو
ڕۆحی غوربەت
ئەگەر ژان دانەگیرسێنێ و
لە تەنیاییی عەشقی خۆیدا
وەکو (نالی)
سەری خۆی ئەکا بەقوببەی
نائومێدی و
(وساڵ)یش نەکا بەهیجرەت!





**١٢ – دارکەنەکان**

ئەگەر لە جێی دارکەنەکان
قسە لەگەڵ داردا بکەین
ئەگەر لە جێی دارکەنەکان
گوێ لە لق و پۆپ و گەڵا و
لە کلۆریی کۆنە زام و
گوێ لە هەناسەیان بگرین
ئەوسا ئەزانین کە دارکەن
چەند لە هەق و خواوە دوورە و
دارستانیش چەند مەزڵوومە!

**١٣ – جادە**

لەیلێ یەک تاڵ قژی دامێ
منیش کردم بەڕێگای عەشق.
لە هەردوو بەری ڕێگەدا
نەونەمامی شیعرم چاند و
لە ڕۆحمەوە خۆرم دایە و
لە چاومەوە ئاوم بۆ برد.
وەرز هات و چوو
جادەی شیعر و
جادەی تریفەم تەواو بوو.
بەڵام لەیلێ خۆی هەر نەهات
پێیدا بڕوا
لەگەڵ بادا چاوەڕێم کرد.
لە ناو خەودا چاوەڕێم کرد.
هەر دەرنەکەوت و دەرنەکەوت
من ئێستاکە لە قەراغی
جادەیەکی پایزەدا
سەرنج سەرنج ئەوەرێم و
بۆ خۆیشم هەر بووم بەدرەخت!





**١٤ – ژووری و دەرێ**

زستانی وشەمە
خۆم لەبەر پەنجەرەی کاغەزدا و
لە ژووری.
لە دەرێ خەیاڵم بای بەفری
شیعرێکی درێژی هێناوە و
خەریکە ئەبارێ.
ببارێ
مەراقی سپی من ببارێ
ئەوەندەی تێ بکە
تا باڵای قەڵەمم و
تا دەشتی کاغەزم
لەناوتا ون ئەبێ!

**١٥ – هەموو دنیا**

بۆ دڵم، بەقسەی (سەوز)م کرد
چوومە ناو خاکەوە و
بووم بەگیا!
بۆ ورەم، بەقسەی (بەرد)م کرد
ترسم دا بەعەرددا و
گەیشتمە سەر چیا.
بۆ چاوم، بەقسەی (مەل)م کرد
چوومە ناو (شین)ەوە و
دوو باڵم لێ ڕوا.
بۆ ئاشتی، بەقسەی (سپی)م کرد
چوومە ناو تیشکەوە و
هەورم دا، بەخۆمدا!
بۆ (ڕق)یش، من قسەی قەترانیی
زووخاوم هەر نەبیست
کە ئەیویست ئەوینی جیهان و
گۆرانیی ئایندەم لێ بکا!





**١٦ – کڵوکۆ**

تۆ ئەگەر سەرکەوی و بگەیتە
سەربانی دووکەڵ و لوتکەکەی
ئەنفالی شیعری من.
لەوێوە، بەو چاوی هاوارە
کڵووکۆی ڕابوردووم ئەبینی.
لەوێوە، بەراییی ئازار و
تاوانی هەر هەموو جیهانت
لێ دیارە!

**١٧ – دوو سێبەر**

یەکەمیان سێبەری یەکێکە
وەستاوە و لەناکاو ئەکەوێ.
سێبەری دووەمیان هەڵدێت و ون ئەبێ.
دوای ساتێ
لە شوێنی سێبەری یەکەمدا
مامزێ دێ و دەچێ.
لە شوێنی سێبەری دووەمدا
ڕمێک دێ و دەچەقێ!





**١٨ – بێ وەفاكان**


ئاو وتی: مەگەر من کەم شەڕم
لەسەر تۆ کردووە ئەی سێوی بێ وەفا!
وا ئیستە خەریکی بەقسەی
(با)یەکی بێگانە
هەر هەموو ڕابوردووم لە بیرکەی!
مەل وتی مەگەر من لەبەر تۆ
ئاسمانم تەی نەکرد؟ کەم فڕیم بەشوێنتا
ئەی جووتی بێ وەفا!
وا ئیستە خەریکی بەقسەی
باخێکی دووزمان
هەر هەموو ڕابوردووم لە یادکەی!
خەم وتی: مەگەر من
لەبەر تۆ شاعیری بێ وەفا
هەزار جار نەسووتام
بۆت نەبووم بەهەور و هەزار جار
بەسەرتا نەگریام

وا ئیستە خەریکی بەقسەی
یەک (بزە)ی درۆزن.
یەک نەشئەی تەمەن کورت.
یەک ماچی سەرەڕۆی بەهارێ
هەر هەموو تەنیایی و نامۆییم لە یادکەی
ئەی وشەی بێ وەفا!

سلەیمانی
شوباتی – ٢٠٠٧

# فڕینە
# کوژراوەکانی
# ژن!

پەخشانە شیعر



لە شەوی داگیرکراوی جەستەتا، دیرۆکێ
لە شێوەی ئەڵقە ئەڵقەی زریکەیەکی درێژدا
لە دووکەڵی بێ ئاگرتەوە ئاڵاوە. دیرۆکێ لە
هەڵمی زێڕین. لە کۆچی بێ وادە و لە سووتانی
بێ دەنگ. لەم شەوە مەییوەی تۆدا،
هەزاران ساڵە ڕۆژ نەبۆتەوە. لەم جەستە
داگیرکراوەی تۆدا، زەمانێکی درێژە تیرێژی
هەتاوێ لە نسێی دەنگی تۆی نەداوە!
کات بەستوێتی
هاوارت زوقمە و
شەختەیش تەنیایی!
لەم ئاسمانە بێ ڕەنگەی تۆدا
نە باڵندەیەکی پێکەنین فڕی و
نە بارانی خۆزگەیەک باری و
نە شەفەقی بەیانییەک
سوراوی لێوەکانی کردی و
نە "با"یەکی ئازادیش هات و
شانەی پرچە غەمبارەکانت بکات!





تۆ هەرگیز هی خۆت نەبوویت. نە سەر هی
خۆت و نە باڵەکانت هی خۆت و نە چرای مەمکەکانیشت
بۆ خۆت. مێیەکی تارمایی لە خەریتەی شەهوەتەکانی
نێردا. لە چاوەڕوانی ئەو قەدەرانەدا کە بە
شیر و شمشێری ڕووتەوە لە ژوور سەرت ڕاوەستاون و
تۆیش بەپێڵوویەکی هەمیشە تەڕەوە لە کڕنووشێکی
ئەبەدیدا بوویت.

تۆ هەرگیز مەتنی هیچ پەیامێک نەبوویت
نە پەیامی خودایی و نە ئادەمی و نە هاوسەری.
تۆ هەمیشە پەراوێزێکی بچووک و تووڕدراوی
ئەو مێژووە بوویت کە لە سەردەمی پەیامبەرانەوە
لە ڕێی ئاسمانەوە، کراویت بەکارەکەری ڕیش و
سمێڵی ئەوان. بەپاککەرەوەی تەویلەی
ئەسپی ئارەزووەکانی ئەوان. تۆ هەمیشە
ئەو پرسیارە قەدەغە کراوە بوویت کە بەردەوام
بەمێخی فەرمانەکانی ئەوانەوە شەتەک درابوویت!
گەردوگوڵی بەیان بوویت و
کردیانی بەتەمتومانی ئێوارە
سەما بوویت و ڕەجمیان کردیت.





ستران بوویت و باڵیان کردیت
پڕیان کردیت لە ملکەچی
پڕیان کردیت لە بێدەنگی و
لە وردە ڕەژووی تاریکی و
پڕیان کردیت لە کەڕولاڵیی پەیکەر و
بتەکان و کردیانی بەدرەختی زڕ!

خورافات
خورافات
لە شێوەی دووکەڵە ئەفیونێکی چڕدا.
لە شێوەی وەهمێکی سرمدیدا.
درێژ بۆتەوە تا ئەو شوێنەی
کە ئیتر نە عەقڵ دیارما و
نە بینین و نە فەزای فڕین
خورافات
خورافات
سڕبوونی وەرزی بیرکردنەوە.
متبوونی ڕەنگ و دەنگ.
چوونە ناو قاوغی زستانێکەوە
کە کاژی تیا فڕێ نەدرا!
تۆ یەکەم قوربانیی بەسزمانی هەموو جەژنە
پیرۆزەکانی نێر بوویت. تۆ یەکەم جۆگەلە
خوێنی لەبەر ڕۆیشتووی ڕاستی بوویت. تۆ یەکەم
قیژەی جیهان بوویت و یەکەم ڕەشپۆشی
ژیانی خۆیشت!





لە دوای غوربەتی تۆوە سروشت جوانتر
لە غوربەتی خۆی گەیشت و خودایش جوانتر
لە نهێنیی ئازارەکان
هەر تۆیش یەکەم پەڵەت بەئەشکەنجە دا و
هەر تۆیش یەکەمین تەتەری ئەو نامانە
بوویت، کە تەنیایی ئەیناردن بۆ
مەرگ و عەدەم!
تا چاوی تیژی هەڵقرچان بڕ ئەکا
تۆ هەر گۆشت و ئێسقانەکەی جەستەی خۆت و
ئەوانیش داری حەدد و قامچی و کوڵەوژی
جەهەننەم بوون.

هەتا دەنگی خوێن بڕ ئەکا
تۆ هەر بێ دەنگییەکی کوژراو و
هەر خڵتانی شەوەزەنگ بووی.
نە جارێک بووی بەپەیامبەر و
نە ڕۆژێک بووی بەبڵندگۆی ئاسمان و
نە بۆ سەعاتێک بووی بەکورسیی شەرع و
نە بۆ دەقیقەیەکیش بووی بەسورەتی دەسەڵات و
نە بۆ چرکەیەکیش بووی بەنووسەری
فەرمان و قانون!
ئاخر تۆ ژن بوویت ژن!
"عەقڵێکی نوقسان"!!
"سێ یەکی ژیان"!!





ئاخر تۆ ژن بوویت ژن. بۆیە!
جۆگەیەک بەتەنها بۆ ئەوەی لێت بخۆنەوە
دۆشەکێک بەتەنها بۆ ئەوەی لەسەرت پاڵ بکەون
پەڕۆیەک بۆ ئەوەی بەتەنها، پاک بکەیتەوە.
کولانەیەک بۆ ئەوەی هەر کرێ بکەوی
جەستەیەکیش بۆ ئەوەی لە وەخت و ناوەختا
ببیتە سفرەیەکی هەمیشە ڕاخراو بۆ ئەوان
تۆ
ئاوازێکی بەگرمۆڵەیی لە سووچێکی تەریکی ژیاندا.
قەسیدەیەکی بەکەسیرەیی لە قەفەزی دەفتەرێکدا.

چیرۆکێک بەقەدکراوی لە باخەڵی شێداری مێژوودا
تابلۆیەک بەهەڵەوگێڕاوی بەدیواری بیرچوونەوەوە.
تۆ
شانۆیەکی بەدەم بەستراوی
لە بەردەم ڕیزە کورسیی سانسۆرەکاندا و
پەخشانێک بەهەڵوەریوی لە کۆشی خۆتدا!
وەرە!
بەڵام وەک چەخماخەیەکی مێ وەرە.
وەک گوڵێکی جەربەزە وەرە.
وەک شەماڵێکی "زەعیفە" مەیە!
چون پەیڤێکی شەرمن مەیە.
چون گمەگمێکی ناسکی بەسزمان مەیە.
وەک سنەوبەرێکی تووڕە و یاخی وەرە
وەک باهۆزێکی مێ وەرە!
وەرە و، ئەم دەمامکانەی سەر "دەم و چاوەکانم"
ڕامالە و، ئەم مێژووەم سەرەونخون بکەرەوە و
ئەم چارۆگەی درۆیانەم بەرە و بیاندەرە دەس
زەریای مێت. با ئاو و ئاسمان و وشکانی،
تەواوی تەفرە و فێڵەکانم چون ئازارەکانت
بەڕووتی ببینن.





وەرە و، ئەم گۆزە مەغروورەی
سەر و ملم تێک بەرەوە و با سەرلەنوێ
لە قوڕێکی نوێ، ئەم سەر و ملە دروست بیتەوە.
بۆ ئەوە مەیە هەرگیز لەگەڵمدا جووت بێتەوە
هەرگیز. با واز لە خستنەوەی نەوەی دەستەمۆ و
ماڵی بێنین:
نەوەی سروە شەرمنەکان
نەوەی مەمکە زەلیلەکان
کوڕ و کچی قەناعەتە ئەزەلییەکان
وا وەرە کە ئیتر جارێکی دی
نەگەڕێیتەوە بۆ ناو قاوغە کیسەڵییەکەت.

نەچیتەوە سەر بەری دەستی بەزەیی و پاڕانەوە.
نەبیتەوە بەسێبەری تووک و نزای چاو نوقاو.
خۆت بەپرچی ئایشێ و فاتمەدا هەڵنەواسیتەوە.
خۆت نەکەیتەوە بەتەنافی پیاوان!
وا وەرە کە ئیتر مێینەی خۆت بیت
جەستەی خۆت بیت. ڕۆحی خۆت بیت
ئەوەتەی وشە هەیە
دەنکە تۆو بوون بۆ تۆ لە داودا.
ئەوەتەی ڕستە هەیە
هەزار بەهەزار و خەرەندی پیاو بوون
لە شەوی کەوتنە خوارەوە و هەڵدیرانی
زریکەی تۆدا.





سەرەتا درۆکان هەر لە ناو زماندا
زاووزێیان کرد و لە نیوەیان زیاتریش
هەر بۆ لەباربردنی دەنگی تۆ بوو.
درۆ جوانەکان!
هەر هەموو بەدەم خواوە کران و
خودایش لێیان بێبەری
ئاویان کوێر کردی. "با"یان کەر کردی و
درەختیان شێت کردی و ڕەنگتیان قلّپ کردەوە و
دواجاریش وتیان "عەقڵ نوقسانە"!
تا پرچت یەکسان نەبێت بەتووکە سەری
خواوەندە نێرەکان. تا پەنجەکانت
یەکسان نەبن بەپەنجەی خواوەندە نێرەکان
تا فڕینت یەکسان نەبێت بەفڕینیان و
پەیڤت بەپەیڤیان و
جووڵەت بەجووڵەیان و
ئاسمانت بەئاسمانیان
تۆ هەر پەشتەماڵێکی مێینەیت
تۆ هەر تابووتێکی مێینەیت


هەموو ڕۆژێک جەژنی بێ دەنگ کردنێکی تۆیە.
هەموو ڕۆژێ کەرنەڤاڵی لە یادکردنێکی تۆیە.
هەموو ڕۆژێ زەماوەندی قانونی "هەوێ"یەکی تۆیە
هەموو ڕۆژێ سمێڵ بادانی شەرع و قاقای
جەڵدەیەکی تۆیە!





لە ساڵێکدا تەنها یەک ڕۆژیان داوە بەتۆ
لەو ڕۆژەیشدا خواوەند نێرەکان تووڕەن
لەبەرئەوەی بەپەنجەی خۆت لەسەر
ڕوخساری ئاوێنە نێرەکان وێنەی تەوارێ
ئەکێشێ و لێشی ئەنووسێت: هەشتی مارس!

سلێمانی/سەرەتای مارسی ٢٠٠٧



# دوانزەی
# بوومەلەرزە!

پەخشانە شیعر

ئەمڕۆ هەموو ژنە هەور و
هەموو کچە کۆتر و
هەموو کوڕە قوڵنگ و
هەموو شینەشاهۆ پیاوەکان و
هەموو پاسارییە منداڵەکان
لە قەتارەیەکی درێژ درێژی ڕەنگاڵەدا
باڵ لە باڵی یەکتر گرێ ئەدەن و
چون فرمێسکەکانی خودا ڕیز ئەبەستن و
ڕوو ئەکەنە ئاسمانی ژاڵەییی خابوور و
لەوێشەوە: پۆل پۆل
نەغمە نەغمە
نۆتە نۆتە
ڕستە ڕستە
ڕوو ئەکەنە گەڕەک بەگەڕەک و
ئازار بەئازار و
شەقام بەشەقام و
هاوار بەهاوار و
ماڵ بەماڵی هەموو
کوردستانە گچکەکەی خۆمان!
ژنە هەورەکان سابلاخێن و کۆڵوانەی
بارانیان گرتۆتەوە.





کچە کۆترەکان ئامەدین و گمە گمی شینی خۆیان
کردووە بەچرای ستران.
کوڕە قوڵنگەکان کەرکووکین و شیعرەکانی
"جگەرخوێن"یان کردووە بەئاگری نەورۆزی خۆیان.
پیاوە شینەشاهۆکان هەریەکە و دوا وێنەی
بەتروسکە تروسکی "خەزنەوی"یان داوە لە سنگیان.
منداڵە پاسارییەکانیش هەریەکە و زامێکی بچکۆلەی
بەورشە ورشی هەڵەبجەیان داوە لە قژی خۆیان.

ئەمڕۆ هەڵپەڕکێی برینە
لە شاییی ئازادیدا.
ئەمڕۆ یادی ئاگرە
لە کوانووەکانی جەستەدا.
ئەمڕۆ ڕۆژی هاتنەوەی
گوڵەبەڕۆژە قوربانییەکانە لە کێڵگەکانی مەرگەوە.
هەموویان دێنەوە
لە شێوەی حیلەی سپیی ڕەوە قەسیدەدا
دێنەوە، لە شێوەی
دار هەناری دەم بەپێکەنیندا، دێنەوە.





ئەچنەوە سەر شەقامەکان و
لە قەراغدا ئەبنە درەخت!
لەگەڵ گزنگدا دێنەوە
ئەگەنەوە حەوشەی ماڵەکانیان
دەست ئەکەنەوە ملی پەنجەرەکان
هەندێکیان ئەبن بەقۆچی بەران و
هەندێکیان ئەبن بەکەڵەشێر و بەکەروێشک و
هەندێکی تریان بەنەورەس و
ئەچنەوە ناو دەفتەری وێنەکێشانی منداڵان.

ئەمڕۆ ژمارە "١"ی "١٢"
بازێک بەسەر "٢"دا ئەدات و
ئەچێتە ئەو دیوە و ڕائەوەستێ و
ئەبێ بە"٢١" و
"٩" ڕۆژ زووتر
ئەم ئەیکا بەنەورۆز و
بەکەرنەڤاڵی ئاگر.





دوانزەی مارس؟!
یان دوانزەی بوومەلەرزە؟!
دوانزەی مارس؟!
یان دوانزەی برینەکانی ئێمە؟!
دوانزەی ژان، ئەو وەختەی ئەتەقێتەوە و
دوانزەکانی تازە لە بناری خەمەکانماندا
لە دایک ئەبن!
دوانزە هاوار ئەو وەختەی ئەبن
بەڕەشەبای شەقام و گۆڕەپان و
کۆنە مێژوو، تازە مێژووی ئەمەوییەکان،
سەرایەکان، قەمەکان و، خودەی
مەرگ و قوللەی کۆشکەکانی سوڵتان
ئەلەرزێنێ و ئەتۆقێنێ!
دوانزەی خوێن؟! یان دوانزەی "ئازار"؟!
دوانزە مەم
دوانزە "زین".
دوانزە "ئەحمەدی خانی"
دوانزە "قەدری جان"

سەرلەبەیانی ئەبنە میوانی "عفرین"ی شۆخ و شەنگ.
بەر لە نیوەڕۆ سەر لە پێدەشتە برسییەکانی
قامشلوو ئەدەن و، دەمەوعەسر
بەسەر دیرەکدا ئەفڕن و، بۆ ئێوارەیش
لە کەناری فوراتدا ئەبنە ڕیزە
پەیڤ و ڕیزە وشەی هەڵگیرساو
دوانزە شیعر
دوانزە چیرۆک
دوانزە شانۆ
دەستیان لە دەستی "لاوک"دا و
قۆڵیان لە قۆڵی "حەیران"دا و
ئەگەنە "سەرکانی" و لەسەر "عامودا"یش
خەڵکی لەجیاتی "مانگ"ێک
دوانزە مانگ ئەبینن!





ئەمڕۆ بەرەو کوردستانە خنجیلانەکەم
لەبەر پەپوولە ڕێ بەر ڕێدار ناکەوێ.
لەبەر گوڵی پرتەقاڵ، سێو ڕێی نییە دەرچێ.
لەبەر سێو گێلاس ڕێی نییە دەرچێ
لەبەر گێلاس گوڵاڵە ڕێی نییە دەرچێ
لەبەر بارِژنی کارژۆڵە
کەس گوێی لە دەنگی پەلکە گیاکان نییە.
لەبەر جۆگەلەی بێوەژن.

لەبەر بووکەشووشەی منداڵ.
لەبەر ئەگریجەی کیژان
لەبەر هەناسەی کوڕان
ڕێ بەر ڕێدار ناکەوێ!
ئەمڕۆ لە قوتبی سەرەوە
لە زستانی هەمیشەیییەوە
بستێک لە خوار خواوە
لە "سڤاریا"ی بەردەوام هەڵلەرزیوەوە
"جوندوبە حەدیدییەکانی" سەلیم بەرەکات
ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵ





"جوندوبەکان" بەبەردەمی بازگەی
حەربەکانی مردندا تێ ئەپەڕن.
بەڵام "فوقەهای زەلام" نایانبینێ
ئەمجارەیان "بێکەس"
لە ڕۆمانەکە دێتە دەرەوە و
سوپاسێکی سەلیم ئەکات و لێی جیا ئەبێتەوە
لە گەڵا وەریوەکان دەمامکێ دروست ئەکات و
ئەڕوا و جادە بەجادە ئەگەڕێ
یەکە یەکە هەموو برووسکە کوژراوەکان
ئەبینێ. ماچیان ئەکات. خۆی بەشان و
ملیاندا هەڵئەواسێ. لە ڕووناکییاندا
ئەتوێتەوە. لە دواییدا بەشیعرێکی
ئاوارەی "قوبروس"ی ئەڵێ:
بەسەلیم بڵێ
ئیتر "بێکەس" ناگەڕێتەوە بۆ لای
خۆی ڕۆمان ئەنووسێ!
دوانزەی ئازار
دوانزەی خۆر
دوانزەی پڵنگ
دوانزەی ڕووبار.

ئەمڕۆ ڕۆژی وەرچەرخانێکی گەورەی ئەشکەنجەیە
کاتێ ئەشکەنجە ئەبێ بەباران.
ڕۆژێکە لە قیژەی ژن
وەختێ قیژە ئەبێ بەدارستان.
مێژوویەک لە هەورە برووسکە





وەختێ هەورە برووسکە ئەبێ بەڕاپەڕین و
ڕاپەڕین بەگوڵەباخ و
گوڵەباخ بەخوێن و
خوێنیش بەداستان.
لەو دوانزەیەوە تا ئەمڕۆ
گۆمەکان هەموو ڕۆژێ دوانزە جار
بەدەوری سەری شەهیدەکاندا ئەخولێتەوە.
لەو دوانزەیەوە هەتا ئەم ساتەوەختە
دایکانی ئێمە هەموو ڕۆژێ
ئەبن بەسنەوبەری داگیرساو و
ڕێگا بۆ زارۆکی تازە پێ گرتوو
ڕۆشن ئەکەنەوە.

لە ئێستادا ئەگەر خابوور
سوێندێکی گەورە بخوا ئەڵێت:
بەسەری دوانزەی مانگ.
ئەگەر شەقام بەڵێنێ بەشار بدات
ئەڵێت: بەخوێنەکانی دوانزەی مانگ درۆ ناکەم.
ئەگەر کچێکی عاشق بیەوێ
یارەکەی دڵنیا بکاتەوە بۆ جێژوان
ئەڵێت: بەچاوی دوانزەی مانگ دێم!
ئەگەر ئازادی بیەوێ
شانازی بەخۆیەوە بکات
بەدەنگی بەرز بەدنیا ئەڵێت:
من نەوەی وەکو
دوانزەی مارسم هەیە!
هەر لەو دوانزەیەدا بوو
ناوە کرمانجییە زیندانییەکان
هەستانە سەرپێیان و جلوبەرگی
ئەو ناوانەیان لە خۆ داماڵی
کە بەزۆر کرابووە بەریان.





"دیرەک" کراسەکەی "المالکیە"ی
داکەند و دایەوە دەست
"معجم العربی" و پێی وت
خۆت جەستەیەکی شیاوی تری بۆ بدۆزەرەوە.
"چل ئاغا" عەگاڵەکەی "جەوداییە"ی
لە سەری کردەوە و
دایە دەست خێڵێکی لم و
پێی وت: ئەمە بکەرە سەری دار خورمایەکت و سوپاس.
"تربە سپی" پێڵاوەکانی "قەحتانییە"ی
داکەند و دایە دەست "قەحتان" و
پێی وت: ئەمە پێڵاوی من نییە و
قاچم ئەگرێ و
بیکەرەوە پێی خۆت و سوپاس.

"سەرکانی" کڵاوەکەی "رأس العین"ی
داگرت و دایەوە دەست فورات و
پێی وت: ئەم کڵاوەیان بەزۆر
کردۆتە سەرم و تکایە لەگەڵ
خۆتدا ببیە و لەو خوارە
بیکەرە سەری کانییەکی بێ کڵاو!
لەو دوانزەیەوە
هەموو بەیانیی دوانزەی "مانگ"ێک
لە ڕەنگدانی شەبەقدا
"مالفا" ڕەنگەکانی خۆی ئەگرێتەوە و
بەفڵچەی پەڵە هەورێکی قژ بژ
تابلۆیەکی تازە ئەکێشێ و
کە تەواویشی کرد یەکەم کەسێ
کە دێ بۆ سەیرکردنی
یەکەم قوربانیی شەقامێکی
ئەو دوانزەیەیە.





منیش بۆ خۆم لەو دوانزەیەوە
ئێوارەی هەموو دوانزەی مانگێک
کچە "مانگ"ێکی کوردستانە گچکەکەم
لە گۆیژەوە دائەبەزێ و
لە بناردا ئەبێ بەقەسیدەیەکی کەڵەگەت و
دوانزە پرچی نارنجی بەر ئەداتەوە و
بەهەر پرچێکەوە
دوانزە چاوی شەهید ئەجریوێنێ و
لە دواییدا دەست ئەدەمە پەلی شیعر و
لە ناو ڕۆحما دائەنێم و
ئینجا ئەچمەوە بۆ ماڵێ!.

سلەیمانی
٢٠٠٧/٣/٦



شەست ساڵ
لە گوڵ و
خۆڵەمێش و
سومبولیش لە
هەورە
برووسکە!

پەخشان

شوێن "با"ی وەشتێکی بریندار کەوتم کە سەری
خولیای نابوو بەئاسمانی تاروماری ڕۆژهەڵاتەوە.
ئەو لەم کۆچەدا گەواڵە هەورێکی دابوو بەکۆڵیا
کە پڕ پڕ بوو لە سوورە دڵۆپی بارانی کوژراو. لە
ئاوێنە وردوخاشەکانی بەرەبەیانی (٣٠)ی مارس
لەو جریوانەی بەدەم پووکە پووکی لاواندنەوەیەکی
سۆزتکێنەوە پەرت پەرت ئەبوون و ئەکەوتنە
کۆشی ئاسۆیەکی بێوەژنەوە. "با"ی وەشتی بریندار
ئەڕۆیشت و منیش جێپێی خوێناویی ئەوم هەڵئەگرت.
ئەو پێناسەی هەموومانی لە چاوەکانی خۆیدا
هەڵگرتبوو: هەموومان، بەشێکمان، لە جەستەی
خۆمان پێ بەخشیبوو. دەرسیم گڵێنەیەکی و
ئامەد گوێچکیلەیەکی دڵی و قامیشلوو دەستێکی و
بادینان لاوکی ڕۆحی و کەرکووک کڵپەیەکی
هەناوی و هەولێر حەیرانێکی سووتاوی و سلەیمانیش
لە غوربەتەکەی "نالی" سۆزی هیجرەت و مانگەشەوی
خۆشەویستیی "حەبیبە"کەی پێ بەخشیبوو.





ئەوە هەر (با)ی وەشت نەبوو. بەتاقی
تەنیا نەبوو. زریکەی ژنانی وڵاتەکەمی لەگەڵدا بوو.
تروسکەی چاوی منداڵان و قوڵپە قوڵپی خوێنی
لاوان و کەژاوەی هەورە سپی و جوانەکانی کیژان و
باڵەفڕێی ڕوو لە ئایندەی چاوی زارۆکانی
لەگەڵدا بوو.
بۆ ئەم یادە مل بەکوێنە.
بۆ ئەم مێژووە لە سێدارە دراوە.
بۆ ئەم مەشخەڵە جوانەمەرگە.
بۆ ئەم خەزانی مارسە.
بەرد لە جێی خۆیەوە سروودی ئەچڕی.

ئاو بەدەم ڕۆیشتنەوە گوڵی ڕەشی ئەبەخشییەوە.
دارستانەکان کۆتەڵی تازەیان ئەگێڕا.
باڵندەکان لە شێوەی بازنەیەکی ئەرخەوانیدا
بەدەوری سەری چوارچرادا ئەسووڕانەوە.
"با"ی وەشت بەهەنگاوە تەڕەکانی ئەم کۆستەی





سەرلەنوێ پاراو ئەکردەوە، بەدەستەکانی، ئەم چرای
گریانانەی دائەگیرساندەوە و منیش لە دوایەوە جێپێی
خەمە شینەکانم هەڵئەگرت. منیش هەر خۆم نەبووم:
هەزاران ئەستێرە وشەم لەگەڵدا بوو.
هەزاران جۆگەلە ڕستەم لەگەڵدا بوو.
قەسیدە هەرە جوانەکان بەسەر سەرمەوە ئەفڕین.
بۆ ئەوەی بگەینە لای
بەرزترین بالای گوڵاڵەییی وڵاتەکەم
بالای ڕووبارێ بەسێدارەوە
بالای سروودێ لە وەختی کڵپەکردندا.
بالای شاخێ کە مردن
بەچۆکدا هات لە بەردەمیا.

بای وەشت و من و هەموومان
شیعر و تابلۆ و موزیک و هەموومان
لە (٣٠)ی مارسدا فرمێسک ئەکەین بەگڵۆپ.
خەم ئەکەین بەڕێگای هەتاو، ئازار ئەکەین
بەگوڵەبەڕۆژەی ژیان، سێدارە ئەکەین بە
پەیژەی تێکۆشان. پەت ئەکەین بەپردی
پەڕینەوە لە تاریکی. سەری پێشەوایش بەو
خۆرەی کە هەرگیز ئاوا نابێ.
بەهارێکیان کوشتین و کەچی هەر لەو ساڵەدا
سەدان بەهاری ترمان لە دایکبوونەوە
ئێمە لە خەزاندا چرۆمان کردەوە.
لە مردندا ژیاینەوە.
نەهێنیی بەردەوامبوونی ئێمە ئەوەتا لە خۆشەویستییە
گەورەکەی ناو ڕۆح و دڵی خەڵکا، ئەوەتا
لە سرووده خوێناوییەکاندا، ئەوەتا لە بیرەوەریی
سمبولە جوانەکاندا و لەم ڕۆژەیشدا لە هەموویان
درەوشاوەتر پێشەوا!





بەدوای (با)ی وەشتا هەر ئەڕۆم
ئەمە سەفەری ساڵانەی بیرەوەریی
کوردایەتییە وەختێ کوردایەتی ئەبێ بەئەوینامە و
ئەوینامەیش بەپیاوێ ناوی "قازی"یە.
ئەمە ساڵانە حەجی باوەڕی ئێمەیە وەختێ حەج
ئەبێ بەفەرزی ملیۆنان و ملیۆنانیش
بەو زەریایەی کە ناوی ئازادییە.

بەدوای (با)ی وەشتا هەر ئەڕۆم
ئەو بەسەر هەموو کێڵگەیەکدا ڕێژنەیەک ئەڕێژێ و
منیش بەسەر هەموو مەزرایەکدا گۆزەیەک شیعر.
ئەو لەسەر مەزاری هەموو شەهیدێک
پەلکە گیایەک ئەڕوێنێ و منیش پەلکە شیعرێ.
من لەم سەفەری ساڵانەیەدا بە(با)ی وەشت ئەڵێم:
ببوورە من چاوم لێیە نازانم تۆ؟ لە سەروو ئێمەوە،
قاسملوو بووە بەباڵندەیەکی سپی باڵ بەرین و ئەویش
ساڵانە لەم سی مارسەدا هەر ئەفڕێ بۆ ئەوێ. لەولایەوە
شەرەفکەندی و پۆلێکی تر، ئەوانیش ڕوویان کردۆتە
ئەوێ. بای وەشت ئەڵێ: ببوورە من لە پەلە پەلیدا
چاویلکەکەم لە بیر چووبوو، سەفەرێ بۆ لای پێشەوا
بێ ئەوان لە هەورێکی نەبار ئەچێ و ئەمجارەیان لە ناو
ئاسماندا شیعر ئەڕوێ و ئەمجارەیان لەسەر زەوی و
هەر لە گۆڕەپانەکەی چل چرادا مانگیش هەڵدێ.
من هەر بەشوێن (با)ی وەشتەوەم
شەوە و لەپڕ هەردوو دائەگیرسێین
لەبەر شەوقی ئاگرەکەدا
پەروانەکانی هۆنراوەی هەژار. هێمن.
سوارە، چیرۆک چیرۆک نەورەسەکانی
قزڵجی. ڕستە ڕستە قاز و قوڵنگی زەبیحی.
دەرئەکەون و هەموویان هەر بەرەو ئەوێ
بەرەو شارە سوورپۆشەکەی قازی،
کەوتوونە ڕێ!.





بەدوای (با)ی وەشتا هەر ئەڕۆم:
دەمێک ئەبم بەشیعری سەوزی وەفایی و
دەمێکی تر ئەبم بەئەسپی باڵداری
ناو داستان و من هەر ئەڕۆم
ئەم تاریکییە درێژە!
ئەم دابڕانە درێژە!
وەلێ من و بای وەشتی بریندار
ناگەڕێینەوە هەتاکو هەڵاڵەیەک
لە شەفەقەکەی بەیانی
نەدەین لە گەردنی قازی!

شەست ساڵ لە دووکەڵ.
شەست ساڵ لە ژان.
شەست ساڵ لە خۆڵەمێش.
شەست ساڵ لە غەریبی و
بەڵام گەورە سومبولێ:
لە گوڵەباخ و
لە ساماڵ و
لە ورەی شاخ.





شەست ساڵ لە سێدارە.
شەست ساڵ لە زیندان.
شەست ساڵ لە ڕەش.
شەست ساڵ لە جەڵدە.
بەڵام میللەتێ:
لە سنەوبەری ژیان و
لە خۆرەتاوی ئازاد و
لە ئارامی سپی و
لە چۆک دانەدان!
ئێمە هەر بەشوێن بای وەشتی بریندارەوەین.

هەور ئەحیلێنێ و خەم ئەدرەوشێتەوە و
هەموویشمان بووین بەکاروانی ئاسمانێ بێ کۆتایی.
ناو بەناو سەرێک ئەدەم لە خوارەوە
ئەنیشمەوە و نامەکان وەرئەگرم:
نامەی کچە درەختێ بۆ قازی.
نامەی کوڕە بەردێ بۆ قاسملوو.
نامەی ژنەکانییەک بۆ شەرەفکەندی.
من پۆستەچیی خۆشەویستیم. نامەکان هەر هەموو
لە دڵمەوە ئەپێچم و ئەچمەوە ئاسمان.





پادشاکان لە ئێسک و پرووسکی ئێمە تەختی
شاهانەی خۆیان دروست کرد، خۆیان ڕۆیشتن و
بەڵام ئێسک و پرووسکی ئێمە هەستانەوە، ئێسک و پرووسکی
ئێمە زانەوە و سەرلەنوێ هەستانەوە سەرپێیان.
مەلا لە دوای مەلا شەوەزەنگیان کرد بەعەمامە.
بەڵام ڕۆحی ئێمەیان بۆ تاریک نەکرا.
مەلا لە دوای مەلا ئەرزی حەرامیان گەورە کرد و
پەڕ و باڵی فڕینیان کرد و، پەچەیان بە
چرا گرتەوە و، بەڵام ئەرزی ئازادیی ئێمەیان
بۆ تەلبەند نەکرا. پەڕ و باڵ ڕوانەوە و فڕین
کەوتەوە شەقڕن و چراکانیش پەچەیان سووتان!
دە ساڵ بیست ساڵ سەد ساڵ،
بەڵام لەش و سەمای ڕووبار داناپۆشرێ.
قژی درەخت داناپۆشرێ.
سووراوی لێوی دارهەنار لانادرێ.
چی لەگەڵ ئازادیی هەورا ئەکرێ؟!
چی لەگەڵ لەشی ڕووتی برووسکە و
پرچی درێژی باران و
گۆرانی و موزیکی باخچە و ئاودا ئەکرێ؟!
ئاخر ژیان چۆن بەجببە دائەپۆشرێ؟!


من هەر بەشوێن (با)ی وەشتی بریندارەوەم.
ئەو ئازاری خۆی کردووە بەتار و ئەیژەنێ.
من شیعری باریکەلەی خۆم کردووە بەشمشاڵ و
مەهابادیش سووک ئەیژەنێ.
وا دابەزین، لەگەڵ بای بریندارا، دابەزین.





ئێستە هەموو لە خوارەوەین، هەموو هەموو
بەشیعر و شەونم و چیرۆک و گۆرانی و پەپوولە و
مەلەوە، بای بریندار ئەبارێ و ئێمەیش هەموو
لە گوڵجارەکەی ڕۆحی قازیدا ڕاوەستاوین. بای بریندار
ئەبارێ و ئێستە هەموو گوێمان گرتووە لەو پەیڤەی
کە یەکەمجار زامە گەورەکەی سەر سنگی قاسملوو
ئەیخوێنێتەوە و لە دواییشدا ئازادی دێ و داهاتوو
لە گوڵدانی خۆردا پێشکەش ئەکا بەپێشەوا و، ئیتر
ئێمەیش هەموو هەموو... لەسەر سنگی بای بریندار
ئەبین بەمۆم. بەپەروانە. ئەبین
بەباڵی ستران و، پرچی ئازادانەی ژن و
ئەبین بەشەپۆلی ڕووبار
بۆ سیی ئازار!

سەرەتای مارسی ٢٠٠٧
سلەیمانی



تێل و پەڕی
پەرش و بڵاوی
تاوس...

١

من پۆلێک بیرۆکەی سەوز و سوورم لابوون.
یەک لەیەک جوانتر و بزێوتر بوون.
شەوانە بەدەم وڕێنەکردنەوە
ئەمگرتنە باوەش!.
من ئەمویست دەستەمۆیان بکەم.
بیانخەمە ناو هێلانەکانی شیعرەوە.
بەڵام ئەوان ڕازی نەئەبوون.
ئەیانوت: ئێمە نامانەوێ خەون بەجێ بهێڵین!
ئەیانوت: ئێمە ئەمانەوێ هەر لە ناو پرسیاردا بژین!





من هەموو شەوێ زۆرم لێ ئەکردن
تەنیایی بەجێ بێڵن.
بەڵام ئەوان ملیان نەئەدا و
بەتەنیاییەوە نووسابوون.
گوشارەکانم بوون بەچڕنووک
بەڵام ئەوان یاخیبوونیان بەجێ نەهێشت!
تا لە شەوێکی زستاندا ڕقم هەستا و
شەقێکم لە لێ بووردن هەڵدا و
هەموویانم خستە قەفەزی هەڕەشەیەکەوە و
قەفەزیشم بەدەرگای دەرەوەی
زستاندا هەڵواسی.
بۆ بەیانی کە هەستام کڕێوە بوو
بیرۆکە سەوز و سوورەکانیش
ڕەق بووبوونەوە.
من ئێستا ددان بەوەدا ئەنێم
تاوانبار بووم!

٢

باوکم دوو شتی زۆر خۆش ئەویست:
نیشتمان و عەرەقی ئەبووکەلەپچە.
ئەگەر شەوێک مەراقی زۆر بوایە
لە پێشدا نیشتمانی سەرخۆش سەرخۆش ئەکرد و
ئینجا خۆی و
لە دواییشدا پێکەوە خەویان لێ ئەکەوت!





٣

ئەو ڕۆژەی
بۆ یەکەمجار، مەمکی کچێکم تیا گوشی
بۆ ئێوارە
ئەو پەنجانەم
بەسەرخۆشی
دووسێ هێشوو
شیعریان نووسی!

٤

قەڵەم لە ڕەگەزی نێرە و مێبازیشە.
بۆیە لێرە، کە کچی جوان شاعیر بوو
قەڵەم حەز ئەکات زۆرترین وەخت
لە نێو پەنجەکانیاندا بمێنێتەوە.
بەڵام گەلێ جار ئەو قەڵەمە مێبازانە
شووڵی لێ هەڵئەکێشن و
کچە شاعیرەکانیش ناچار ئەبن
بەجێیان بێڵن!
ئەی نابینن بەشی زۆری ئەو شیعرانە
ئەو وەختەی بڵاو ئەبنەوە
وەک تەواو نەکرابن وەهان!





٥

من "شێر" لە لانەی ناوەکەمدایە
بەڵام حەز بەچارەی شێر ناکەم
چونکە دڕ و شەڕانییە.
من حەزم ئەکرد لە ناو ناوەکەمدا
"ئاسک" یان "کاریلە"
یاخود "جوانوو"ی تیا بوایە!.
من نازناوەکەیشم "بێکەس"ە
ئەمەیشیانم بەدڵ نییە و
هەڵەیشە
چونکە هەرچی شیعری جوانی دنیایە
کەسی منن!

٦

شاعیر شیعر ئەکا بەئاوێنە
ئاوێنە ئەبێ بەشووشەبەندی دیوان و
دیوان زەمان ئەیبات و
زەمانیش زۆریانی بیر ئەچێتەوە!





٧

لەم ژوورەدا
من کۆنم وەکو سەعاتی چاڵمە و
وەلێ تازەیشم وەکوو ئەنتەرنێت.
چون یەکەم، خەوم هەر نییە و
چون دووەمیش، هەموو خۆشەویستیی دنیام
لە چاوەکانی شیعرەوە
هێناوەتە سەر جێگەکەم!

٨

ئەو شەوە قەسیدەیەکی تازەم سەرمای بوو
هەر چیم پیا دا گەرمی نەبۆوە
هەر ئەبوو ئاگرێکی بۆ بکەمەوە
بەڵام نە نەوتم بوو نە کارەبایش
بۆیە هەستام
یەک باوەش شیعری پەڕپووت و
کۆنی خۆم هێنا و
لە بەردەمیا دامنا و
ئاگرەکەم بۆ کردەوە!





٩

لە هەر کوێ بن
هەرچی سەرکردەی سیاسیی ناو دنیایە
بەخۆیان و شێر و فیل و ئەسپەکانیانەوە
ئەوەندەی بزنە لەڕەکەی "گاندی"
نە خۆشەویستن و نە جوانن و نە پیرۆزن!

١٠

من ئەگەر نەقاش بوومایە
چیم دابوو لە شیعر نووسین.
من ئەگەر شاعیر بوومایە
چیم دابوو لە چیرۆک نووسین.
من ئەگەر چیرۆکنووس بوومایە
چیم دابوو لە پەیکەرتاشین.
خۆ ئەگەر من مۆسیقار بوومایە
چیم دابوو لە هەموویان!





١١

هاوینان، لە سەربان
کچێک هەبوو لە چیغەکەی ئەوبەرمانەوە
هەموو جارێ دەنکە زیخێکی تێ ئەگرتم و
هەر ئەوەندە و ئیتر ئەچوو ئەنووست.
لە خەوما دەنکە زیخەکەم ئەبینییەوە:
ئەبوو بەشاخ و
لە شاخەکەوە تاڤگەیەک
ئەڕژایە خوارەوە و
لە خوارەوەیش کچەکە
خۆی لەبەردا ئەشت!
هەموو شەوێ دەنکە زیخێک و هیچی تر
ئەبوو بەپایز، بەزستان، بەبەهار
من هەر چاوەڕوان بووم
هاوین لەو سەفەرە درێژە بگەڕێتەوە و
بچینەوە سەربان
هەر لەبەر دەنکە زیخ!

١٢

من یەکەم نەورۆزی
مێردمنداڵیم، هەرگیز
لە بیر ناکەم
نە لەبەر نیشتمان و
نە لەبەر شیعرەکانی باوکم و
نە لەبەر بەهاریش.
لەبەرئەوەی یەکەم ماچی
کچم تیا کرد!





١٣

ژنێکی دراوسێمان هەبوو
ئەوەندە بەسزمان بوو
لە "عەینەمەل" ئەچوو.
مێردەکەیشی لە پشیلە!
بەیانییەکیان لە مرە مرِ و
زریکە زریکێ، خەبەرمان بۆوە.
کە چووینە ماڵە دراوسێ:
پشیلەکە
لەسەر قەراغی پەنجەرەکە
لمۆزی ئەلستەوە!

١٤

لەو سەفەرە نارنجییەدا
من بەتەمای ئەوە بووم
کە گەیشتمە یەکەم باخچە
زەردەخەنەکەی "مۆنالیزا"
بێت بەپیرمەوە
کەچی بزەی ڕەشی سمێڵە زلەکەی
"فەرهاد پیربال" هاتبوو!.
لەو سەفەرە شینەدا
من لە ژوورە پان و پۆڕەکەی
"فەرهاد پیربال"دا، بەتەمای ئەوە بووم
شەوانە: کۆترێ، قومرییەک، «تەیرلحوبێ»
بێنە باخەڵی خۆم و شیعرەکانمەوە
کەچی هەر مشکی ڕەش ڕەشی
زەمانی "باستیل" بوون و، تا بەیانی
خەریکی کرانەوەی پەنجەکانی قاچم بوون!
لەو سەفەرە خۆڵەمێشییەدا
لەسەر ڕەفەی دیوارەکە و، لەسەر کتێبەکان
تاکی چەپی قوندەرەیەکی پاژنە عانەی
لووت درێژی ژنانە هەڵکورما بوو





من بەتەما بووم
ئێوارەیەک تاکەکەی تری
خۆی بکا بەژووردا و سڵاوێکم لێ بکات
کەچی ئەویش هەر نەهات!
ئەوەی لە ژوورە دەم زلەکەی
فەرهاددا بینیم
دوو ڕیز ددانی ڕەش و کەلی
سەدەکانی ناوەڕاست بوون.
بۆیە لە خەودا، تا لەوێ بووم
یان میقسەڵە و سەری بڕاوی
شۆڕشەکەی فەڕەنسام ئەبینی
یان سمێڵی فەرهاد و یاخود
تاکە پێڵاوێکی ژنانەی جێماو
لەو سەفەرە قرتاوەدا!

سلەیمانی
٢١-٢٠٠٦/٣/٢٥



# سۆناتەکانی
# هەڵەبجە!

شیعر و پەخشان

هەر هەورێ بێ
بەئاسمانی هەڵەبجەدا کە تێپەڕی
بۆتە نەریت، ئەبێ بۆ ساتێ ڕاوەستێ و
بێتە خوارێ و تۆزێ بگری و
ئینجا بڕوا!





کە "مانگ" لەسەر ئەوێش هەڵهات
قەدەرێکە و
لەو شەوەدا هیلالێکی بێوەژنە!.

هەر (با)یەکیش بەسەر ئەودا و
بەلای ئەودا گوزەر بکا
بۆتە نەریت، لائەدات و دائەنەوێ و
پرچەکانی ماچ ئەکات و ئینجا ئەڕوا!

هەر باڵدارێک
وەختێ بەسەر ئەودا فڕی
نەریتێکە
لە ئاسۆدا بەباڵ ئەنووسێ شانزەی سێ و
ئینجا ئەڕوا!





هەر کاتێکیش
هۆنراوەی ئەز
پێی خستە ناو خەمەکانی هەڵەبجەوە و
چووە ئەوێ
ئیتر هەرگیز جارێکی دی
نایەتەوە بۆ لای من و
لەوێ لە باوەش کێلێکدا
ڕائەکشێ و
بۆ خۆی ئەنوێ!

٢٠٠٤

***

بەر لەو خۆڵەمێشەیش هەر سووتابووم
وەلێ لەمیانەوە بوو باڵم گرتەوە.
بەر لەو خنکانەیش خنکانی ترم دیبوو
وەلێ لەمیانەوە بوو، بووم بەگێژەنی تەواو.
بەر لەو هەڵوەرینەیش خەزانم هەر دیبوو
وەلێ لەمیانەوە بوو، بووم بەپایزی تەواو
بەر لەو ئاوارەبوونەیش، ئاوارەییم هەر دیبوو
وەلێ لەمیانەوە بوو، بووم بەنامۆی وڵاتی خۆم!

***





"گڵ مەیلبڕە" و لە دواییدا بیرچوونەوە دێنێ
بیرچوونەوە مردنە و، سڕینەوەی ئەبەدی.
یادگارەکان کاڵ ئەبنەوە و کاوەخۆ ئەتوێنەوە.
یەکتری بزر ئەکەین و ئەبینە کۆمەڵە ئاخێ و
کۆمەڵە ئاخەکەیش (با) ئەیانبا بۆ نادیار و
خۆشمان بۆ نادیار و تێکەڵ بەهەڵمی ڕووبارەکان،
ئەبینەوە و نە سەرەتا ئەمێنێ و نە کۆتایی!
کەچی گڵ نەیتوانی مەیلبڕی هەڵەبجە بێ!
بیرچوونەوە عەشقی ئەو شارەی نەسڕیەوە.
یادگارەکان تۆخ بوونەوە هاتنەوە لامان.
یەکتریمان دۆزییەوە و جارێکی دی لە مردنەوە
هاتینەوە بۆ لای شارەکەمان!

***

خۆشەویستی چییە؟! جگە لە هەڵقرچانی بەردەوام
ئازار چییە؟! جگە لە سارێژ نەبوونەوەی ڕۆح.
مێژوو چییە؟! جگە لە ڕابردوویەکی پڕ لە عیبرەت.
سروشت چییە؟! جگە لە تابلۆکانی خودا
شیعر چییە؟! جگە لە زمانی عەشقێکی سرمدی.
بەڵام هەڵەبجە خۆی بەتەنیا خۆشەویستییە و
ئازارە و مێژووە و سروشتە و شیعر!

***





هەموو ساڵێ ڕۆژێکمان هەیە، ڕۆژەکانی تر
لە بەردەمیا ئەنوشتێنەوە. هەموو ساڵێ
فرمێسکێکمان هەیە، فرمێسکەکانی تر دەوری
ئەدەن. هەموو ساڵێ نێرگزێکمان هەیە هەرچی
گوڵی تر هەیە ماچی ئەکەن. هەموو ساڵێ
یادگارێکمان هەیە. هەموو یادگارەکانی تر
دوور و نزیک سەردانی ئەکەن. هەموو ساڵێکیش
شارێکمان هەیە هەرچی شارەکانی ترمان هەیە
مل بەکوێن ڕائەکەن بۆ لای!

***

ئەشێ هەموو وەرزەکان چون یەک نەیەنە
ناو ئاوێنەکانی ئێمەوە. لەوانەیە ڕووبارەکان
خۆشەویستەکانیان لە یەکدی دابڕاوبن. ئەشێ
ئەم نەوەیە لە سەد ڕوانگەی جیاواز و دژەوە
بڕوانێتە نەوەی پێش خۆیان. ڕەنگە هەموومان
وەک یەک گوڵەباخ یان شیعرمان خۆش
نەوێ. بەڵام هەموو وەرزەکان چون یەک
دێنە ئاوێنەکانی هەڵەبجەوە. ڕووبارە عەشقی هەڵەبجە
هەموو خۆشەویستان لە یەک کاتدا خۆیانی تێهەڵئەکێشن.
ئەم نەوەیەیش لە یەک پەنجەرەی دڵەوە تەماشای
هەڵەبجە ئەکەن. ئێمەیش بەهەموو جیاوازیی حەز و
ڕەنگ و ناکۆکییەکانی دەنگمانەوە هەڵەبجەمان
وەک یەک خۆش ئەوێ. ئەو یەکێکە و هەموویشمانە
شارێکە و بەڵام هەموو شارەکانە و سرِی ئەم
ئەوینەیش لێرەوە سەرچاوە ئەگرێ!

***





هەندێ جار ئاوابوون ئەبێ بەهەڵهاتنەوە
وەرین ئەبێ بەڕواندنەوە و کەوتن بەهەڵسانەوە
هەندێ جار لە شیوەنەوە زەماوەند دێتە دەرێ
لە هۆن هۆنی فرمێسکدا پێکەنین ئەپشکوێ
لە بیاباندا ئاو هاژە ئەکا و لە "فیراق"دا
"وەسڵ" تازە ئەبێتەوە و لە غوربەتدا
نیشتمان پەیدا ئەبێ و لە ترسدا دڵنیایی و
لە نائومێدیدا هیوا ئەتەقێتەوە!
ئێمەیش لە مەرگی هەڵەبجەدا
لە دایکبووینەوە!

***

"مەولەوی" گێڕایەوە:

باخچەیەک هەبوو، بەیانییەک، ڕەشەبایەک
ده گوڵی کوشت. بۆ ڕۆژی دوایی باخچەیەکی تەنیشتی
تۆوی سەد گوڵی تری پێشکەش کرد. دارستانێک
هەبوو ئاگریان تێ بەردا و سەد داریان دا بە
مەرگ. بۆ ڕۆژی دوایی هەموو دارستانەکان
بەسەدان خەڵفی تازەیان پێشکەش کرد. ئێمەیش
لە بەیانییەکدا پێنج هەزار بەهاریان کوشتین و
بەڵام لە بەهارەکانی دواتردا، دنیا هەزاران بەهاری
خۆشەویستییان پێشکەش کردین!


***





لە دووریانی هەوایەکدا حاجی لەق لەقێک و
پەپووسلێمانکەیەک بەیەکتری گەیشتن. ئەویان
بەرەو باشوور و ئەمیان بەرەو باکور ئەڕۆیشتن
پەپووسلێمانکە کە لە حاجی لەق لەقی پرسی: ئۆغر
نیازت کوێیە؟! ئەویش وتی: بەرەو خوار بۆ
حەج! پەپووسلێمانکەکە پێی وت: حاجی! حەجی
ئێمە ئێستا لە کانی عاشقانە و لە گردی گوڵانە و
لە شارەکەی هەڵەبجەیە!

سەرەتای مارسی ٢٠٠٦



**ڕۆژنامەیەک لە**

**کاغەزی هەتاو و**

**سەرنووسەریش**

**لە قەڵەمی**

**ئەرخەوان و**

**مانگەشەو!**

پەخشان

له بەیانییەکی وەنەوشەییی ناسکی بۆتاندا، کە لە هەناوی تەنکیەوە
ئەودیوی خەمە ئەرخەوانییەکانی هەر هەموو دیار بوون. لەو
کازیوەیەدا، بەپەنجەی تەڕی (با)یەکی بزێو، قۆزاخەی
نەرم و شلی سەرچڵی دارەبەنێ، ترووکا و، کرمێکی
ئاوریشمینی لە گوڵی دارهەرمێ سپیتری لێ کەوتە خوارەوە و،
لە باوەشی بنچکێکی هێشتا چاو خەواڵوودا، گیرسایەوە و،
یەکەمین گزنگی شەرمنی مل بەزەنگیانەی شەونمیش
لە لای باڕێزەیەکەوە بەچڵ و چێوی پەرژینێکدا تێپەڕی و هات و
گەیشتە لای بنچک و کرمی ئاوریشمین و پێی وتن: ڕۆژباش!
هەر لە هەمان بەیانیی وەنەوشەییدا، هەر هەمان سات،
لە کەناری بەبریسکە بریسکی ئاوێنەییی دیجلەدا، چەند
مراوییەکی سپیکەلەی شیعری مەلای جزیری، زۆر بەهێواشی
سەر و ملی نازداری خۆیان ئەکرد، بەگۆمیلکەی،
ئاوێکی حەپەساودا و، لەولای تریشەوە، بەچەند شەقاوێ
لە پاڵ دەوەنێکی شڵەژاودا، ماینێکی ڕەشی ئاوسی
تەوێڵ سپی یاڵ خۆڵاوی، دوای چەند پرمەیەکی بەژەنگ و
ژاری ژان، زا و، جوانوویەکی تەڕی تیسکنی لەش





بەهاڵاو، بەربۆوە سەر سەوزەگیا و، دەوەن داچڵەکی و،
گۆمیلکە پێکەنی و پەپوولە دەوری جوانوویان دا و، جووتێ
سوێسکەیش لەولای ماینی هەناسە سوارەوە نیشتنەوە و
هەتاوی تازە پێگرتوویش، لەوبەری چۆمی بێ دەربەستەوە،
هات و گەیشتە بەردەمیان و پێی وتن: سڵاو!

هەر لە هەمان بەیانیی وەنەوشەیی و، هەر لە هەمان ساتدا،
لە شاری شەپۆل و شیعر و پەپوولەدا، لە پێچێکی مێزەرە بەرزەکەی
شەرەفخاندا، کە بەسەر هەموو وڵاتدا ئەیڕوانی. لە گەڕەکێکی
پرتەقاڵی و لە ماڵێکی سپیی گەورە و فراواندا کە پۆلە پاسارییی بزۆز
بەو بەیانییە زووە. بەدارتووی پژوپۆ چڕی حەوشەوە،
کردبوویان بەجریوە جریو و جووکە جووکی دەنووک تێکئاڵاو





پیرە دارتوویەک بەدەستی باپیرەگەورە عالی بەدرخان نێژراو. لەو
ماڵەدا، لە هۆدەیەکی تازە گەچکاری کراوی سەر دوودەرییەکی
ئێسک سووکدا، لەو ژوورەدا کە بۆنی سمڵ و مێخەک تێکەڵ بەبۆنی
ئاوڕشێنێکی تازەی گڵەسوور بووبوون. لەو هۆدەیەدا کە باوەشی
تاقی گەورە و بچووکی دیوارەکانی: بۆ گوڵاو پژێنێکی مسینی گەردن بەرز و،
کتێبێکی کەسکی خوا و، کتێبێکی پیرۆزەییی عەشقی خانی و شیعری ناو
خەڵوەتەکەی جزیری و، ئەستێرە دیرۆکی شەرەفخان و، هاوارەکانی
حاجی قادر و، کۆمەڵێ کاسە و کەوچکی دارینی نەخشاو بەپەنجەی
وەستا هونەرکارەکانی ئامەد، کرابوونەوە. لەوێدا و لەبەر پەنجەرەیەکی
چوارگۆشەی نزمی دەم بەنیزادا، ژنێکی باریکەڵەی
وەک تاژان، چاوەکانی لە ترێ ڕەشکە ڕەشتر و، دەستەکانی
لە پەلکی یەکەم بەری دارمێو ناسکتر، لەو جەستەیەوە، لە
ڕەنگێکی پەڕیوەوە دوا قیژە هاتە دەرێ و، لە داوێنی پاکەوە،
کوڕێکی ساوای لە پەموو نەرمتر، هەردوو چنگ نوقاو، وەک
خونچە کەوتە ناو کاسەوە و، میوانی بچکۆلانەی ماڵی بەدرخان
کەوتە ئینگا ئینگای گریان و بەڵام ژوور پێکەنی و ئەوسا ئیتر
گزنگ هات و کرمی ئاوریشمین هات و
جوانوو هات و پەپوولە هات و
مراوییەکانی جزیری هاتن و
پاسارییەکانی سەر دارتوو هاتن و
هەموو چوونە بەردەمی کاسە و ڕوویان کردە
ساوای چاو نەپشکووتووی قوماتە و پێیان وت
بەدرخانی بچووک: ڕۆژباش!

لە دوای ئەوانیش، مەدحەت بەگی باوک، بەچەپکێ
زەردەخەنەی ناو سمێڵی قنج و گوڵە ژاڵەی فێستێکی سوورەوە
خۆی کرد بەژووردا و، تۆزێ لە دەم و چاوی سوورفلی قووماتە ڕاما و
ڕووی کردە زەیستانی ناو جێگە و
پێی وت: وا ناوم نا میقداد!

***





ئێستا میقداد منداڵێکە وەک کارژۆڵەی سپی جوان و
ماچ لەم باوەشەوە ئەیبات بۆ ئەو باوەش و، بنە مۆمێکی
زەین داگیرساو. کووژەکەیەکی شینی قایمکراو بەکاڵوڵەوە بەبنێشتە تاڵ. ئێستە
ئەوان بەباڵەفڕێ و ئەمیش بەخنە خن و پیا هەڵزنان ئەچنە سەر لقی نزمی
داران. ئەوان بەدەنووک لە شووشەی هەتاو ئەدەن و
ئەمیش مورووی ڕەنگاوڕەنگی خونچە و تەرزە و باویلکەکان ئەهۆنێتەوە و
ئەیکاتە ملی ئێواران. منداڵێکی چاو لە پشکۆ زیتتر. لە وردە
شەپۆل خێراتر و لە نەعنا بۆن خۆشتر. هەنووکە گەورەتر بووە، وا
پشیلەیەکی چاو زەردی بنی چڕنووک ئاڵی لە ناو کۆشدایە و هەردووکیان
لە پاڵ کەڵە پەنگری ئاگردانێکدا وەنەوەز ئەدەن و دواییش پێکەوە
خەویان لێ ئەکەوێ. ئەو لە خەویا خۆی بەچوکڵەی ئەستێرەیەکدا
هەڵئەواسێ و ئەمیش ئەچێتە سەر شانی و بۆڵ بۆڵ جریوە ئەچنێ.

ئیستە میقداد هەرزەکارە و ئەوەندەی سوورە هەتاوی جزیرە گەرم و گوڵە مێلاقە بەبەر پشتێنەوە و کتێبێ لە بن هەنگڵدا و سەردێر و بن دێر ئەکا و بەشوێن چراوگی بیری تازەدا ئەگەڕێ هەرزەکارە و لە بناری چیاکانی بۆتاندا!

بووە بەشمشاڵ
ئەگەر مانگەشەو بێ تریفە ئەژەنێ و
ئەگەر باران بێ ڕێژنە لێی ئەدا و
ئەگەر پایز بێ
خەزان ئەیکا بەبای کۆساران.





ورد ئەبێتەوە، تێڕامان لە هەموو شتێ، ئیستە بووە بە پرسیار. ورد ئەبێتەوە لە ڕیشاڵی هەرە وردی گەڵا. لە لەرزەی کەمەری شەپۆل. لە چاوی کتێبەکانی باوکی، گوێ لە نووزەی هەرە نزمی مێژوو ئەگرێ، لەویاندا پیتەکانی زمان و لەمیاندا ئایندەیەکی دوورتر ئەبینێ. لە خاڵی خاڵخاڵۆکەدا، نوختە و فاریزە بەدی ئەکا و، لە بن دەوەنێکدا دائەنیشێ و لە قاچی درێژ و گرنج گرنجی شێرە کوللەیەک ڕائەمێنێ و دەستی مەکینەیەکی چاپکردن ئەبینێ و، دەست ئەبا پرشنگێ لە نێوان دوو بەرددا بگرێ و "کوردستان"ی پێ بنووسێ و نەهێنیی لێ ون ئەبێ و ئەچێتەوە سەر چیچاکان.

لە سەفەرەکانی ئەستەموڵ و دواتریش قاهیرە و ئەوروپادا لە نزیکەوە
پەنجەرە تازەکانی ڕۆژئاوا ئەبینێ. بالکۆنە نوێیەکانی عەقڵی ئەوروپا
ئەبینێ. گوێ لە ڕستە نەبیستراوەکانی داهێنان ئەگرێ. ڤۆڵتێر ئەبینێ و
ڕۆسۆ ئەبینێ و گۆتینبورگ ئەبینێ و شۆڕشی فەڕەنسا و شۆڕشی
پیشەسازی دائەچڵەکێنێ و
گەرووی زانست ئەیهەژێنێ و لەسەریا بەهاری بیرێ ئەخەملێ.
ڕۆژێک وتی:
لە ناو هەموو باڵندەکاندا من ئەو باڵندەیەم خۆش ئەوێ
وەک ئەوانی دی ناخوێنێ و پۆل بەجێ دێڵێ و لە ئاسماندا
بەجیا ئەفڕێ. لە ناو درەختەکاندا من درەختێکم خۆش ئەوێ
لە یاسای پەرژیندا خۆی قەتیس نەکا و تا ئەودیوی لەمپەری
قەدەغە پەل و پۆ بهاوێژێ. لە نێو ڕووبارەکاندا ڕووبارێ
کە بەلایەکدا ئەڕوات، ئەوانی دی پیا ناڕۆن. لە ناو کتێبەکاندا
ئەو کتێبەی پرسیاری زۆرترە و ئاینده ئەهێنێ و لە ناو
قەڵەمەکانیشدا ئەو قەڵەمەی ڕچەشکێنی بیرێکی نوێیە و
کۆن ئەبەزێنێ!

***





لە پەیژەکەی تەمەندا
ئێستا میقداد بەگ لە سەروو پلەی پەنجاوەیە.
خولیایەک لە گێژەن بەسامتر ئەهێنێ و ئەیبا.
هەموو شەوێ لەسەر باڵەکانی غەزەتەیەک
هەڵئەفڕێ بۆ لای هەور و لە ناو هەوریشەوە
بۆ لای خوا، ئەیەوێ بارانێ لە وشە ببارێنێ و
بوومەلەرزەیەک لە زماندا بەرپا بکا و
خۆرێک لە شەوی سەری کورددا هەڵبێنێ و
بەدەستی ڕاست پاڵ بەپێچکەی مێژووییەکەوە بنێ بەرەو دوا و
بەدەستی چەپ تازە و تازە بێنێ!

***

له بیست و دووی نیسانی ١٨٩٨دا، له کاتژمێری
دوانزەی نیوەڕۆدا، وەختێ هەردوو میلی سەعاتژمێر و
دەقیقەژمێر وەک جەستەی نێر و مێ جووتبوون و
دوانزە کەڕەت لەسەریەک کاتژمێری هەڵواسراو بەتەوێڵی
ئەزهەرەوە لێی دا. له داوێنی مەکینەکەی گۆتینبورگەوە
له داوێنی شارستانییەتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان کەوتە خوارێ و
کەوتە ناو دەستە پیرۆزەکانی میقداد بەگەوە. هەر بەپێیەوە
میقدادی یەکەم سەرقافڵەی ڕۆژنامەوان، پڕ پڕ بوو له
هەڵاڵەی نیسان. پڕ پڕ بوو له هەتاوی شەمدینان پڕ پڕ بوو
له زەردەخەنەی منداڵانی جزیره و بۆتان.





بیست و دووی نیسانی ١٨٩٨
هەر هەمان سات. هەمان ڕۆژ. بیست و دوو کوێرەکانی
له بنار شاخەکانی دەرسیم–دا تەقینەوە. هەر هەمان سات،
بیست و دوو کچ له دهۆک له دایکبوون و بیست و دوو
باوەش گوڵەباخ بوون بەقوماتەیان. له کەرکووک بیست و
دوو جار بابەگوڕگوڕ بەکڵپەوە هەستایە سەرپێ. له قامیشلو
بیست و دوو کۆترە باریکە باڵیان گرت و هەر هەمان ساتیش
لەبەرکاوی زاوا بووکی سابلاخ، بیست و دوو سنەوبەریش
دەستیان گرت و کەوتنە هەڵپەڕین! هەر لەو ساتەیشدا،
لەسەر ڕەوەزێکی چیای جودی، پیرەمێردێکی کاکۆڵ و ڕیش
سپیی دەست بەگۆچان، باریکەلە و نوورانی له شێوەی
فەقێ تەیراندا، له گەواڵە هەورێکەوە دابەزی و سەری
بۆ خودا هەڵبڕی و ڕووی کردە بەرد و ئاو و پێدەشتی گوڵەگەنم و
له یەکەمین لاپەڕەی موقەدەسی ڕۆژنامەی کوردستاندا بەر له سەد و
هەشت ساڵ لەمەوبەر ئەو ڕستانەی خوێندەوە که بوون بەکلیل و یەکەمین

سەروتار و ڕیزە چرای سەر شەقامی ڕوو لە ئایندەی ڕۆژنامەوانیمان:

"من ئەڤ جەریدەیە ها نڤیسی بەئیزنا خودێ تەعالا
پاش نهۆ هەر پازدە ڕۆژادە جارەکی ئەزێ جەریدەکی بنڤیسم
ناڤێ ڤێ من کریە "کوردستان". ڤێ جەریدەیەدا ئەزێ
بەحسا قنجییا عیلم و مەعریفەتێ بکەم. ل کودەرێ مرۆڤ
د عەلمە؟! ل کودەرێ مەدرەسە و مەکتەبێ قنج هەنە؟
ئەزێ نیشا کوردا بکەم. ل کودەرێ چ شەڕ دبە؟ دەولتێن
مەزن چێ دەکەن؟ چاوا شەڕ دەکەن؟! تیجارەت چاوا دبێ؟!
ئەزێ حەمییا حیکایەت بکەم. هەتا نهۆ کەسی جەریدەکی
هولێ نەنڤیسییە. ئەڤ جەریدەیا من عەوەلییە لۆما
وێ گنیک کێمایی هەبێتن. ئەز هێڤی دکەم کێماییا
جەریدەیێ ژ منرا بنڤیسن. حەمی شت وەکی
نو چێ دبن کێمن. پاشی هیندکی دچێ د گوێرە
ئەڤە یێدی ئەزێ دەست مەقسەدێ بکەم"





گەورەم میقداد بەگ:

لەو شەوگاری چاو چاو نەبینانەدا، کە تۆ بەمۆمێکەوە بەشوێن بیری نوێ و دنیای نوێخوازیدا ئەگەڕایت و لە چەقەنە بەردە قۆقزەکانی بابی عالی و سوڵتان هەڵئەنووتیت و دڕکەزییەکانی جەهالەت لە ڕووناکیی چاوت هەڵئەچەقین و ساماڵی ناو سەرتیان زامدار ئەکرد. لەو سەردەمەدا، هەر ماڵباتە، چاو نەترس و سەردەق شکێنەکەی ئێوە هەبوون کە لە عەقڵ و هۆشی مۆدێرنەوە بۆ کاڵە و پێتاوی نوێ و بۆ دەنگ و ڕەنگی نوێ ژیان بگۆڕن. تۆ ڕوو لە قیبلەی تازەگەری وەستایت و خورافات بەردەبارانی کردیت و بەڵام ئەو نوێژە تازەیەی خۆت بۆ کەس نەبڕی.

گەورەم ئەورەحمان بەگ!
ئێوە ئەگەر پەنجەرەی تازەتان لە عەقڵدا نەبوایە
ڕۆژنامەیش نەئەبوو بەڕێگای تازە.
ئەگەر لە ڕوانینە کۆنەکانی ژیان یاخی نەبوونایە
ڕوانینە نوێیەکانی کوردیش نەئەهاتە کایەوە.





بەکورتی ئەگەر ڕووناکبیری سەردەمی خۆتان نەبوونایە
نەشئەبوونە پێشەنگی ڕۆژنامەوانیی ئێمە
تۆ و میقداد بەگ، هەردووکتان، کۆڵکێشی وشە و
کۆڵکێشی ئازار و کۆڵکێشی هەموو خەمەکانی ئەم نەخشەیە
بوون. هەم ڕێگا بوون و هەم پەیامیش، هەم
نووسەر و هەر کرێکاریش. لە قاهیرەوە بۆ ژونیەف و
دیسانەوە لە قاهیرەوە بۆ لەندەن و ئینجا بۆ فولکستۆن و
هەمدیسان بۆ ژونیف و لەم دنیایەدا کونجێ نەبوو
تاوسە غەمگینەکەی ئەم زمانە داڵدە بدات! پەنایەک
نەبوو بۆ جێکردنەوەی مەلۆتکەکەی ڕۆژنامەتان و
هەر تەنیایی و بێکەسیی خۆتان پەنا و هەر خۆشەویستیی
کوردستان ڕێگەی سەفەرتان بوو!

له زرنگانەوەی بێ دەنگیی ناو تاریکستانی سەڵتەنەتدا،
بالاّی ئەم ماڵباتە لە تاڤگەی نوورێک ئەچوو بەورشە و پرشەی
درەوشانەوەی بەردەوام چواردەوری ترس و بیمی ناو غەیبیاتی
ئەکرد بەچراخان و دێو و درنجی نەزانین و ئەو مێژووە چەمووش و
شوومەیان ڕاوئەنا کە بەهەر چوارپەلی شەوەزەنگی خۆیەوە
لەسەر سنگی ژیان کەوتبووە سمکۆڵان. لە وەختێکدا قەڵەم
کەم و هەر هی شیعر بوو، ئێوە بوون بەقەڵەمی دیکەی ناو عەقڵی
تازەگەری و یەکەم مەشخەڵی ڕۆژنامەوان. لە وەختێکدا پیتەکانی
زمانی کوردی لە زەمینەی وتار و ڕەخنە نووسیندا
هێشتا نەکەوتبوونە سەرپێ ئێوە بوون دەست و
پل و سەروملی خۆتان بۆ ئەکردن بەڕەوڕەوە و دارە دارە
تا پێیان گرت و کەوتنە سەرپێ. لە وەختێکدا هزرمان کوێرە
مووشە بوو. هزری ئێوە بووبوون بەمۆمدان.
فەنەرێک بەئاسمانێکی ڕەشەوە
ئەوە سەری ئێوە بوو.





گوڵ ئەستێرە بەکەژێکی نابیناوە
ئەوە چاوی ئێوە بوو
هاوارێک لە وەختی بێ هاواریدا
ئەوە دەنگی ئێوە بوو.
وڵاتێکی کەڕ و زمانێکی لاڵ و مێژوویەکی بێهۆش و
ئێوەیش سروودی گەرووی باڵداری ئەڤین و
زرنگەی زەنگ و فڕینی دواڕۆژ بوون
ماڵباتێکی پێکهاتوو
لە ڕیزە ئاوێنەیەکی فێست لە سەروو
لە ژێر فێستیشدا بەهارێ لە نوێخوازی ئەڕسکا.
کۆمەڵێ ژن و پیاو، پێش زەمانی خۆیان
ئەکەون و بەپێچەوانەی قیبلەنمای داب و
نەریتەوە ئەڕۆن و ئەیانەوێ ناباو بکەن
بەباوو مەحاڵ بگرن و دنیای نەپشکنراو بدۆزنەوە.

سڵاوی ئەلف و بێی لاتینی لە سەرەتای چاو پشکوتندا
سڵاوی چاپخانە لە گەرمەی گرمە گرم و ئیشکردندا
سڵاوی ڕۆژنامە لە یەکەمین ساتەوەختی دەرکەوتندا
سڵاوی یادداشت لە سەرەتای خۆناسینیدا بەجیهان!
ماڵباتێ لە شێوەی ئینجانەیەکی مەزندا:
میر بەدرخان ئینجانەکە و
عالی بەدرخان گڵی ئینجانە و
کامیل بەدرخان لاسک و پەلکی یەکەم و
میقداد و ئەوڕەحمان
دوو گوڵە قەڵەمی سەرتڵ و
جەلادەت... هەتاو و
عەبدولڕەزاق و سورەیا ئاووهەوا و
دوکتۆر کامەران... نەخش و نیگاری ڕەنگینی و
لەیلا بەدرخان گەڵای بەسەمای سەرچڵ و
ڕەوشەنیش پەپوولە و پەروانەی دەوری ئینجانە.

***





ئەی هەر ئەوان نەبوون لە سەفەری نێو تەمتوومانی
سزا و ئەشکەنجەدا، لە پێشی پێشەوە بوون، یەکەمین نەبوون؟!
لە ماراتۆنی دەربەدەری و غەریبیدا، بەر لە هەموو
کڵۆڵانی ناو قەوارە ڕەشەکەی عوسمانی. هەر ئەوان نەبوون
گەیشتنە دوا تاراوگەی قوتبی خوارووی دنیا؟!
عەبدولڕەزاق بەدرخان، بەخۆی و تاقە باوڵێکی تەنەکە و
چەند مشتێ خۆڵی جزیرەوە. بەناو ڕەوە قرشەکانی
زەریادا، بەناو شەپۆلە دڕەکانی گەرداودا، بەسواری
کەشتییەکی چارۆگەداری تەختە لەرزۆکی لارەلارکەرەوە،
بەسەر پشتی شەپۆلە هارەکانەوە، بۆ باشووری ڕەشی
ئەفریقا دوور نەخرایەوە و لەوێش لە قرچە قرچی هاویندا
لە زیندانێکی سوورەوەبووی گۆشەگیر توند نەکرا؟!
نامۆیی و بەدرخانیان بوون بەیەک بنەماڵە. تاراوگە بوو بە
ئەوطان، حیجاز و لیبیا و فەلەستین و دوورگەی کریت

بوون بەجوگرافیای پەرت پەرتی یەکەمینی ئەنفال و وەرزی دابڕان.

هەمیشە عەشقێکی سەرگەردان هەمیشە
هەمیشە پێشڕەو و سەرقافڵەی یاران... هەمیشە
هەمیشە سەردەق شکێنی ژیان و داهێنان... هەمیشە
هەمیشە باران و هەتاو پێکەوە... هەمیشە
هەمیشە باڵی بەرین بۆ فڕین و شەقژنی تازە... هەمیشە
ئەی تۆ؟! خاتوو لەیلا بەدرخان!
ئەی ژنە پیانۆ و کەمانچە!
ژنە فلووتی سەر شانۆ سپییەکانی ئەوروپا و
ئەی نۆتەی مێ و ئەی پرچی گۆرانی و
ئەی باسکە ناسکەکانی کزە با!





خاتوو لەیلا!
ژنە نەورەسێ... وەختێ باڵ لێک ئەدا و
ئاسمان ئەگرێتە باوەشی و
عەشق ئاوێتەی لەنجە ئەکا.
خاتوو لەیلا!
ئەو وەختەی لە جەستەیەکی یاخییەوە
شەرمی ژنی ئەم ڕۆژهەڵاتە وەک سەرپۆشێک
ئەداتە دەست (با) و، ئەیکا بەگەردەلوولی
سەما و، سەما ئەبێ بەئازادی و ئازادی
بەسەما و، ئەو وەختەی تخووبەکانی دەسەڵاتی
نێر، قانوونی نێر و شەرعی نێر و لەمپەرەکانی
ئەرزی حەرامی نێر ئەشکێنێ و لەسەر شانۆوە
چون کۆترێکی سپی بەرز ئەبێتەوە بۆ لای خودا.
ژنە گیتاری بەدرخانییان. قەڵبەزەیەک لە سەما.
ئەو وەختەی پرشە پرشی لەنجەولار، دڵۆپی فێنک
ئەدا لە دڵی گەرم و خۆشەویستی ئەکا بەپەڕەی
گوڵ و شیعر بەسەر دڵداراندا دابەش ئەکا!
خاتوو لەیلا!
ژنێک لە شمشاڵی ڕێچکە شکێنی و
مێیەک کە هەر بۆ مێیەتی خۆی و
ئازادی سوجدە ئەبا!

***

ئەشێ یەکەم ڕیزە شیعری. ناو ئەم زمانە، ئەوەندە جوان بووبن
چەندین ڕیزە دڵیان کردبێ بەتارمەی مانگەشەوی خۆیان!.
لەوانەیە یەکەم ڕیزە چیرۆکی ناو ئەم زمانە، ئەوەندە کاریگەر
بووبن، چەندین ڕیز بیر و هۆشیان کردبێ بەپەروانەی
باڵای خۆیان. ئەشێ یەکەم پۆلە گۆرانیی ناو ئەم زمانە
ئەوەندە تەلیسماوی بووبن، چەندین ڕیز هەست و نەستیان،
کردبێ بەپۆلە باڵندەی ئاسمانی خۆیان. ڕەنگە یەکەم ڕیزە
تابلۆی وێنەکێشانی ئەم وڵاتە ئەوەندە دڵڕفێن بووبن،
چەندین ڕیزە چاویان کردبێ بەگڵۆپی سەر سەری خۆیان.
بەڵام یەکەم ڕۆژنامەی ناو ئەم زمانە ئەوەندە بەهێز و تازە و کاریگەر بوو
دڵ و چاو و هەست و نەست و بیر و هۆشی میللەتێکی هەموو
گۆڕی و هەروەهایش ڕێڕەو و ڕوخسار و پێکهاتەی مێژوومان!

***





بیست و دووی نیسانی ٢٠٠٦

"ئیمەیلێکی شپرزە لە شێوەی دایکە باڵندەیەکدا کە بێچوویەکی خۆی لێ ون بووبێ. لە سایتی "شێرکۆ بێکەس"ەوە بۆ هەموو ڕۆژنامەوانانی کوردستان، یان هەرکەسێ عاشق و خەمخۆری هێلانەکانی ئەم زمانە بێ، لە هەر شوێنێکی تری دنیا:

کە قەڵەمەکەم بزر بوو، بۆ ساتە وەختێ، پەنجەکانم
ماتیان کرد و، هەر ئەوەندە و، قەڵەمێکی ترم هانی و
ئیتر ئەوم لە بیر چۆوە. کە ڕەشنووسی شیعرێکی
بڵاونەکراوەم بزر بوو، گەلێ شوێنی بۆ گەڕام و،
نەمدۆزیەوە و، تا هەفتەیەک، تەمێک نیشتبووە سەر
دیدەم، بەڵام وەختێ کە شیعرێکی تازەم نووسی،
تەم ڕەویەوە و شیعری ونبووم لە بیر چۆوە. باوکم
دوای خۆی چوار وێنەی خۆی جێ هێشتبوو، بەڵام
وەختێ کە وێنەیەکیان بزربوو، وەک دەستێکی خۆم
لێ بزربووبێ وابوو. هەر چیم کرد و، چەند گەڕام و،
چەندە پرسیم. نەمدۆزیەوە و نەمدۆزیەوە. مانگێ زیاتر
خۆم و شیعرەکانم و قەڵەمەکەم، بەو داخەوە تلاینەوە،
بەڵام لەبەرئەوەی ئەو سێ وێنەیەی کە مابوون دڵخۆشییان
زۆر دامەوە و وتیان: خۆ ئێمەیش هەر ئەوین. لە دواییدا
ئەویشم هەر لە بیر چۆوە.

بەڵام دەمێکە زۆر دەمێکە
خۆشەویستێکم لێ بزر بووە. لە قەڵەمەکەم و ڕەشنووسی
شیعرەکەم و وێنەکەی باوکم خۆشەویستتر، لەوەیش زیاتر،
لە کوکوختییەکەی دڵم و، لە پەنجەرەکانی چاوم و،
لە پەلکە گیای پەنجەکانم خۆشەویستتر. ئەم خۆشەویستە
بزرەم، تاقانەیە و، نە جووتی هەیە و نە جێگر!.
بەتاقی تەنیا خۆیەتی. دایکم وتی: من لەجیاتی،
وتم: نابێ. من دڵنیام ماوە، ئەوەندەی بۆ گەڕاوم
شوێن لێم وەڕس بووە. ئەوەندە پرسیارم کردووە، وەڵام
خۆیم لێ ئەشارێتەوە. بێ هوودە بێ هوودە. هەموو
ساڵێکیش لەم ڕۆژەدا دێتە خەونم.





ئەی ڕۆژنامەوانانی کوردستان! لە هەر کوێ هەن!
وا هانام بۆ ئێوە هێناوە. تکایە. تکایە
ئەو خۆشەویستە تاقانەیەم بۆ بدۆزنەوە.
ژمارە (١٩)ی
ڕۆژنامەی کوردستان!

سلەیمانی
٢٠٠٦/٤/٧



# هەردی...
# مەرگی
# هەردێکی
# شیعر

شیعر و پەخشان

١

هەموو هەورێ ئەبێ بمرێ
بەڵام ئاخر هەوریش هەیە ئەیشمرێت و
بارانەکانی قەت لە بیر
ئەم سەرزەمینە ناچنەوە.
هەموو درەختێ هەر ئەمرێ
بەڵام ئاخر درەخت هەیە ئەیشمرێت و
جوانییەکانی قەت لە بیر باخان ناچنەوە.
"هەردی"یش وەکو
هەور و درەخت
بەیانییەکی پایزە ئەویش ڕۆیشت و
بەڵام ئاخر نە نمەنمەی بارانی شیعرەکانی و
نە کلووکلووی شەوانی ڕازەکانی و
وەک دوو چاوی ست فاتیمە و
عەشقەکانی ئازادیخوا
قەت لە بیری ئەم شاخانە و
قەت لە بیری ئەم جادانە و
قەت لە بیر ئێمە ناچنەوە.





٢

هەردێ هەتا تەمەنێکی درێژ
هەر دە دوانزە کانیی نووسی
"بەڵام کانی، کانی!"
هەر دە دوانزە جار جریوەی
دا لە قژی
"بەڵام جریوە، جریوە!"
هەر دە دوانزە جار گۆرانیی
کرد بەتەیری خۆشەویستی
"بەڵام گۆرانی، گۆرانی!"
هەردێ
ئێجگار کەمی وت و
زۆرەکەی دا بەبێ دەنگی
وەکو
هەردی!

***

٣

کەژێک وتی:
لە ڕۆژێکدا هەزار ڕەنگ و هەزار ئاواز
ئاوێزانی باڵام ئەبن
بەردم ئەکەن بەپێشانگا و
درەختم ئەکەن بەشمشاڵ
بەڵام وەختێ کە شەو داهات
تەنها هەر یەک دوو ئاوازێ
یەک دوو ڕەنگێ
ئەبنە پلپلەی خولیام و
لە ناو چاو و لە گوێچکەمدا ئەمێننەوە و
لەگەڵ بادا ڕام ئەژەنن و
خەیاڵم ئەکەن بەگوڵدان.





"تۆ بڕوانە
پەلکە ڕەنگینەکەی باڵای
ست فاتیمە و
مۆسیقاکەی لەنجەولاری و
شەپۆلەکانی ناو بەستەی"
کچێک وتی:
بەم ڕۆژگارە هەزار پەیڤی
کوڕی دڵدار
پەپوولەن و لە قژمەوە
ئەئاڵێن و
چاوم ئەکەن بەئەستێرکی ئەوینیان و
سنگم ئەکەن بەگوڵجاڕی فڕینیان و

بەڵام وەختێ کە شەو داهات
ویستم لەتەک شیعرا بنووم
هەر بەتەنها دووسێ پەیڤێ
لە باخەڵما ئەمێننەوە و ئەجریوێنن و
لەگەڵ قژما سەر ئەکەنە سەر سەرین و
لە خەویشما
ئەبن بەرێی مانگەشەوێ.





"تۆ بڕوانە
ئەو شەقامەی، چاوەڕوانیی
تیا ئەپشکوێ و تیا ئەوەرێ و
ئەو دنیایەی لە جوانیمدا تواوەتەوە و
ئەو نامەیەی
خواوەندی عەشق بۆم ئەنێرێ"
شیعریش وتی:
بەم ڕۆژگارە هەزار وشە و هەزار ڕستە
ئەبن بەپۆلە باڵندە و
شەقژنیانە و ئەیانەوێ
بگەنە فەزای بڵندم و
مەملەکەتی سیحراویی من بدۆزنەوە

بەڵام دوایی
هەر بەتەنها چەند فڕینێ
ئەبن بەورشەی زمانم و
چەند شاعیرێ بەبارانی هەورەکانم و
لە ناو فەزای فانتازیما ئەمێننەوە
"تۆ بڕوانە
"ڕازی تەنیایی" و تەلیسمی
بەر پەنجەرەی وەرزەکانی
تۆ تەماشای ئەو شۆڕشەی نائومێدی
بەرپای کرد و ئەو تانگۆیەی
لەگەڵ خۆیدا لەرەی ڕەنگ و سەمای دەنگ و
زەردەخەنەی وشەی هانی"

٢٠٠٠/٥/٢٩

***





٤

ئێمە بەئەسپایی وەک "ڕازی تەنیایی" یان وەک تریفە لە کەژاوەی هەورێکی سپیدا، یان وەک پەڕێک بەدەم بای وەشتەوە هاتووین بۆ لای هەوێنی شیعر، ئەو کەمە پوختەی وەختێ لە ڕۆحی خۆی ئەبەخشێ بەزمان، ئیتر نە وشەیەکی زیاد و نە وشەیەکی کەمتر جێگەیان لەودا نابێتەوە، هەروەکو چۆن لە تان و پۆی شەبەنگێکدا نە ڕەنگێکی زیاتر و نە کەمتر، نە پڕشنگێکی زیاتر و نە کەمتر نین و ئەگەر بوون، شەبەنگ لە شەبەنگێتی ئەکەوێ و وێنە سروشتی و خوادییەکان ئەشێوێن و پارسەنگی جوانییەکان تێک ئەچن و نایەنەوە جێ... کەم و پوخت و سەرسامکەر بچووک و بەڵام پڕ لە وزەیەکی ئەفسووناوی، هەر تەواو تەواو، وەک ڕیشاڵە وردەکانی دەم و چاوی گەڵایەک، یان وەک خاڵەکانی خاڵخاڵۆکە، یان لەرەی وردە شەپۆلێ لە بینگرتنی ئاودا. کاریگەریی تیلەی چاوی شۆڕە ژنێ لە ئاوڕدانەوەیەکی خێرادا، دڵۆپە فرمێسکێکی ڕوون بەسەر گۆنەی منداڵێکەوە، دوای دابڕان بینینەوەی چاوەڕوان نەکراوی لەناکاوی خۆشەویستێ...

شیعر... وەختێ ئەبێ بەتەزوویەک
بەلەنجەی دێرێک
بەبارانی وێنەیەک و پەنجەرەی هەتاوێ
زمان ئەو دەمەی ڕەوان ڕەوان بەڵام قوڵ قوڵ
ئەڕژێتە ناو گوێچکیلەکانی هەست و نەستمانەوە
شیعر ئەو دەمەی لە ڕوومەتی ناسکی کیژۆڵەیەکی
بەردەم کزە بای زستان... سوورتر هەڵئەگەڕێ





ئێمە ئەمڕۆ بەهێواشی وەک ڕازی تەنیایی... هاتووین
بۆ لای ئەو کەوە سپییانەی کە لە جوگرافیای شیعر و وڵاتی
زمانی ئێمەدا نەوازە و دەگمەنن... ئەو کەوە بەفرینانەی
لە چەند ساڵێکدا دووسێ جارێ ئەگەر دەرکەون و لە
بینینێکی خێرادا چاوت لەگەڵ خۆیاندا ئەبەن و ناخت پڕ ئەکەن
لە قاسپەی سپی و سەرت ئەکەن بەگەواڵەیەکی شپرزەی
ناو دەربەندەکانی پرسیار و هەزار بەهەزارەکانی تێڕامان.
ست فاتیمەیەک... ئەبێ بە ستی ناو خەیاڵی چەندین نەوەمان.
شۆڕشێکی نائومێدی بەشۆڕشی عاشقان و قەقنەسەکان.
ئێمە ئەمڕۆ هاتووین بۆ لای ئەو
قەڵبەزە شیعرەی کە لەم زمانەدا
هەر ئەمێنێ و وشک ناکا!
هاتووین بۆ لای جوانی لە باڵا ئاوێنەی
زمانێکی زیوینی درەوشاوە و خەیاڵێکی کەڵەگەتدا...
هاتووین بۆ لای ئەو ڕازی تەنیاییانەی کە تەمەنی
ئەفراندن و مانەوەیان لە هاوار هاواری سەدان
شیعری زەق و دێری بەهاش و هوش درێژترە.
ئەشێ چرپەیەک لە بانگێکی دەنگ زوڵاڵ... نەمرتر بێ.
ئەشێ پەپوولەیەکی شیعر لە هەڵۆی ناو شیعرێکی تر
زۆرتر بژی!

یەک دێری چڕوپڕی پەلکە گیایەک
لە هەندێ مێرگی زۆربڵێ مەزنتر بێ
هەندێ جار ئەو سیحرەی کە جوانیی ژنێکی سادە لە سیلەی
کۆڵانی گەڕەکێکی ڕووتەڵەدا دڵت ئەکا بە بەچەشەی
خۆیەوە. هەرگیز ژنێکی بەبریق و باقی ناو تیف تیفەی
بەئارایشتی سەر شەقامێکی شار نایکات.
ئێمە ئەمڕۆ خۆشەویستیمان لە شێوەی بازنەیەکی
گوڵ ئەستێرەدا هێناوە بۆ ئەوەی بیکەینە
ملی پیاوێک کە بەچەند پەیڤێکی تەلیسماویی
شیعری کوردیی جوانتر کرد... گۆمی ئەم زمانەی
قووڵتر کردەوە و هۆبەیەکی تازەی لە هەواری
قەسیدەدا بۆ هەڵداین.





بەدەر لە لەنجەولاری شیعر و
باخچەکانی وشە و ڕستەیش
بەدەر لە فوارەی بەپرژە پرژی هۆنراوەی
ئێمە لە بەردەم پیاوێکیشدا وەستاوین
کە شاخەکانمان هێندەی گلێنەی بەفر و لوتکەکانیان
خۆشیان ئەوێ چونکە بۆ ساتە وەختێکیش پشتی
لەوان نەکرد و ئەوەندەی گەردێکی بچووکیش
نەیهێشت، گلەییی بەردێکی ئەوانی لێ بنیشێ!

نەیهێشت گلەییی بنچکێ... بێتە سەری و سەرزەنشتی
کانییەک، گوڵەگەنمێ، جادەیەکی شار، ڕۆژێ لە
ڕۆژان ئەستێرکی ویژدانی شلوێ بکات!
ئێمە لەم ئێوارەیەدا بەدەم وتنەوەی زەردەپەڕی
ڕازی تەنیاییيەوە ئەبین بەو پۆلە باڵندانەی کە بەسەر
لێواری نارنجیی گەواڵە هەورەکاندا شەقژنیانە و لە دواییدا
یەک لە دوای یەک لە بەردەم و لەسەر دەست و شان و ملی
شاعیرێ ئەنیشینەوە و بەدەنووک لە شووشەی پەنجەرەی
قەسیدە جوانەکانی ئەدەن و پێی ئەڵێن: تەمەن درێژ بی
ئەی شاعیری ڕازی تەنیایی! تەمەن درێژ وەک
دار بەڕوویەکی دەڤەری سیاچەمانە و تەمەن درێژ چون
کارێزەکەی وەستا شەریف و تەمەن درێژ چون سروودەکەی
ئازادیخوازی ئەم نیشتمانە!





لە بیرمانی... وەک لە بیربوونی
"گۆیژە" بۆ (با)یەکی نازداری خۆی
وەک لە بیربوونی خاک و خۆڵ بۆ نالیی خۆی
وەک "نالی"ش بۆ "سالم"ی خۆی
"سالم"یش بۆ سلەیمانی!

ئەم ئێوارەیە ئاوێنە ئەبەخشینەوە
بەسەر ڕازە تاریکەکانی ژنانی ئەم وڵاتەدا
جریوە ئەبەخشینەوە بەسەر بێوەژنەکانی ئەنفالدا و
پەلکە ڕەنگینەیش بەسەر منداڵانی هەڵەبجەدا





لە سەرودەمێکدا هەموومان تۆ بووین
ئەو کاتەی لە پۆلی قوتابخانەدا
بۆ یەکەمجار بەزەنگی کوردایەتی
گوێچکە داخراوەکانی ئێمەت کردەوە
هەمووومان تۆ بووین...
ئەو وەختەی تۆ دەست و ئێمە مۆم بووین و
بۆ یەکەمجار لەبەر تەختەی ڕەشدا داتگیرسانین.

تەباشیر ئەڵێ: سوپاس مامۆستا کە منت
بڕانەوە بۆ ئەوەی ڕووناکی نەبڕێتەوە!
قەڵەم ئەڵێ: سوپاس مامۆستا کە منت کورت کردەوە
بۆ ئەوەی ڕێگەی ئاینده درێژتر بێتەوە.
تەختەی ڕەش ئەڵێ: سوپاس مامۆستا کە ئەوەندەت
لەسەر نووسیم، ئەوەندەت کوژانمەوە. بۆ ئەوەی
زۆرتر بزانم و زووتریش داگیرسێمەوە!
قەڵەم پاندانەکەی جارانیش ئەڵێت:
سوپاس... سوپاس مامۆستا هەرچەندە
نەتهێشت تۆزقاڵێ خەو بچێتە چاوم بەڵام
من قەڵەم پاندانێکی بەختەوەرم چونکە تۆ
ڕازی تەنیاییت بەمن نووسییەوە!

***





ئەمڕۆ لەوپەڕی غوربەتی وەنەوشەییی دەریاچەی مل
بەکوێنی "وان"ەوە، تا ئەوپەڕی تخووبی خەمە شەرابییە دڵتەنگەکانی
"ورمێ" و تا ئەگاتە بەراییی تەمومژە گریاوەکانی بەر چرای
کزی قامیشلی و ئینجا لەوێشەوە تا دێتەوە ناو بازنە هەڵقرچاوەکەی
مەراقی کەرکووک "ڕازی تەنیایی" ئەبێ بەویردی سەر زمانی
ئەو شەپۆلانەی شوێن عەشقە سەر هەڵگرتووەکان کەوتوون و
لە کەنارە خۆڵەمێشییەکاندا بەکوڵ و کۆوە دائەمرکێنەوە و دیسانەوە
سەرلەنوێ لە عەدەمەوە دێنەوە و باڵ ئەگرنەوە!

ئەی پەڕەسێلکەی "ڕازی تەنیایی"
تۆ بەهەڵفڕینی ڕەش و سپیتەوە
بەو جەستە لاوازە و بەو پەڕ و باڵە کەمەوە
لە هەموو تاوس و تووتی و
قەفەزە زێڕینەکانی ناو کۆشکی
دەسەڵاتی ئەم دنیایە
خۆشەویستتری!
***





ئەو ڕۆژەی خولیا بوو بەقەڵەم و
خەیاڵ بەپەڕە کاغەزێکی سپی و
خۆشەویستی بوو بەوشە و
دەستی دایە قەڵەمەکە و
پەڕەی لە بەردەم پەنجەدا ڕاخست و
لەسەریەوە هەورە بروسکەیەک دای لە قەڵەم
لەو ڕۆژەوە ئەحمەد بوو بەهەردی و
شیعریش بەکانی!
تۆ بەگوڵێک بەهارت هێنا و
بەوەرینی گەڵایەک پایز و
بەهەیکەلی بەژن و بالایەکی یۆنانی
ڕۆحی جوانی!
***

لەو وەرزە بەخشندە و جوانانەدا، کە کێڵگەی گۆڤاری بەبرِشتی "گەلاوێژ" وەک تاقانەیەکی ئەدەبی ئێمە، تانجی هەورێکی ئاوس بەباران و هەتاوی بەورشە و پرشەی کردبووە سەر، شیعری کوردی لە نوێبوونەوە و باڵگرتنی زماندا، "گۆران"ی خستبووە ناو باوەشی رووناکیی خۆیەوە. لە دوای مانگ ئاوابوونی "مەولەوی"یەوە، دابرِانێکی درێژ کەوتە نێوان شیعر و سروشت و هەست و نەستە رِۆمانسییەکانەوە. لە هەڵهاتنی "گۆران"ەوە،





جارێکی دی، بەڵام بەسەبک و رِوانینی جیاواز، گۆران بوو کە بۆن و بەرامە و چێژ و سیحر و خۆشەویستیی سروشت و رِۆمانسییەتی بۆ هێنایەوە. شتێ دواتر بەڵام لە هەمان سەردەمدا، هەردی لە پاڵ پەنجەرەکەی گۆراندا، پەنجەرەیەکی تری بۆ کردینەوە، جیاواز لەوەی گۆران، جیاواز وەک جیاوازیی چوارگۆشە و بازنە، یان جوداییی نێوان خوێندنی کەو و کۆتر. ئەویان پەنجەرەی کراوەی سەر بەرایییەکانی سروشت و جوانیی ژن بوو بەگشتی، ئەمیان پەنجەرەی کراوەی ناو دڵ و دەروون و مرۆڤی شپرزە و عاشقی ناو شاری تازە و ژنێکی خۆشەویستی تایبەت و دیار بوو. ئەویان کامێرایەکی هەموو دیمەنە جوانەکانی دەرەوە و، ئەمیان کامێرایەکی دیوی ناوەوە بۆ وێنەگرتنی خورپەی دڵ و چاوەرِوانی و تەنیایی لە تاریکیی شەوی ژیندا. دنیای "رِازی تەنیایی" پێشینەیەکی لەخۆچووی لە شیعری کوردیدا نەبوو. غەزەلی پێشتر، بەشی هەرە زۆریان، هەر بەشوێن پێ و رِێچکەکەی وەسف و سووتانەکەی (نالی)دا رِۆیشتبوون. ئەو چاوگە داگیرساوانەی کە لە پشت بەهرە و شاعیرێتیی "هەردی"یەوە بوون و پرِیشکەکانی ئەگەیشتنە ئەم و سەرسامی ئەکردن، لە جوگرافیای زمانێکی ترەوە هاتبوون.

ئەوەندەی نزیکی و بەشێوە لەیەک چوون لە نێوان ڕازی تەنیایی و
شیعرەکانی شابی و جوبران و میخائیل نەعیمە و ئیلیا ئەبو مازی و
مەعلوفەکاندا هەیە، ئەو نزیکییە ئەوەندە لە نێوان شیعری تازەی کوردی و
هەردیدا نییە. "ڕازی تەنیایی" ئەو باڵندەیە بوو کە بە
جیا و دوور لە پۆلە مەلەکانی شیعری کوردی هەڵئەفڕی!

***





من هەمیشە تۆ لە جووڵەی شتە هەرە ورد و بچووکەکاندا و
لە جوانییە شاراوەکانی عەشقدا و لە چاوەڕوانیی عاشقاندا ئەبینمەوە و
دێیتەوە ناو یادەوەریم: ئەو کاتەی نامەیەکی دڵداری
لە زەرفەکەیدا هەڵقرچێ. لە زرنگانەوەی تاریکەشەودا وەختێ
نائومێدییەک شۆڕشی خۆی بەرپا بکات. گوڵە کێویلەیەکی تەنیای
دوور لە گوڵجاڕ کە هەر خۆی قسە لەگەڵ خۆیدا بکا و ناو بەناویش
شەماڵێک بیلەرێنێتەوە. یان هەنگێکی ونبوو لە چۆڵی ژیندا. یان
ئەو وردە شەپۆلانەی ڕازی پەپوولەیەک بەسەریانەوە سەما بکا.

چکە چکی ئەو بەفراوانەی لە کەوێڵێکدا ئەکەونە سەر بنچکێکی ماندوو.
گەڵایەکی گیر خواردوو لە قڵیشی تاشەبەردێکدا. گۆچانی هەورێک
بەدەست ئێوارەیەکەوە. چاوەڕوانیی شانزە ساڵەی نسێیەک
بۆ بەژن و باڵای هەتاوێ. خەیاڵێکی پێخاوس لە ناو دڕک و
داڵی نائومێدیدا. دەرکەوتنی نیوە ناچڵی پاوپوزی جوانە ژنێ و
یەک دڵۆپ ئارەقی ژێر چەنەی، دزە نیگایەکی لاچاوی. تاڵە
قژێکی بەجێماوی لەسەر شان. سێبەری زەردەخەنەیەکی کاڵ
لە چاڵی ڕوومەتیا، یان ملوانکەی گوڵ مێخەکێ کە لە هەڵپەڕیندا
باز بەسەر مەمکۆڵاندا ئەدا. ماچی گوارە و لاملی. بۆنی ئاوڕشێنی
هاوینانی جاران لە کۆڵانێکی خۆڵیندا. ئەو پەڕەی لە شەقژنێکدا
لە باڵی کۆترێک ئەبێتەوە و ئەکەوێتە جۆگەیەکەوە. نامەیەکی ترساو
لە ناو دەستی نوقاوی کچێکی دڵداردا. یان ئەو خرمە خرمەی لە بارینی
تەرزەدایە. سەرەتاتکێ و چاوبازی لەگەڵ جوانێکدا لە ڕێی
ئاوێنەوە. ئەو وەختەی شیعر لە بەردەم جوانیدا لاڵ ئەبێ.
بەولاتریشەوە، لە ناو دیمەنەکانی ئازادی و کوردایەتیدا:
وەختێ تاشەبەردێ ئەبێتە ئەسپ و ئەحیلێنێ. ئەو دەمەی
فایەق بێکەس ئەبێ بەشاخ و بیست و حەوت ساڵەکەی ئەخوێنێتەوە.
گۆران ئەبێ بەتریفەی مانگ و ئەچێتە ناو کانییەکەوە.





حسەین حوزنی موکریانی ئەبێ بەکەڵەکێوییەک و ئەچێتە سەر
ڕەوەزێک و لەویەوە مێژوو ئەگێڕێتەوە. ئەو دەمەی ڕەفیق حیلمی
یادداشتەکانی خۆی لەسەر قەدی دارسنەوبەرەکان
ئەنووسێتەوە. ئەی ماڵ بەکۆڵی و ژیانی ماندووی
ناو شاخ و داخ و پەراگەندەیی
لە سیوەیلەوە بۆ ئاوەکورتێ و ژوورە قوڕینەکەی سەر چەمی
تەیەت. کتێبەکانت کە هێندەی منداڵەکانت خۆشت ئەویستن؟! عەینەکەکەت
کە بەخوێندنەوەی زۆر وەڕست کردبوو. دڵەڕاوکێ و بێ ئارامی قەڵەمەکەت،
سەد جار کوژانەوە و نووسینەوەی لاپەڕەیەک تا ئەبوو بەلاپەڕە.
ناو بەناویش لەبەرخۆوە وەک ویردی خەماوی سەر زار و وتنەوەی
کۆنە سروودەکانی سەردەمی لاویت بەزۆریش "ئەی وەتەنی کوردی ئازیز"
ئەبووە ئاوێنە و سلەیمانی ئەوسای ئەهێنایەوە پێش چاوت.

پیاوێک لە دارهەنار وەختێ دار هەنار
لە عەشق موتوربە کرابێ.
پیاوێک لە سادەییی بەفر ئەو کاتەی بەفر
ئەبێ بەڕەوشت و خۆنەویستی و لە سپێتیی خۆی زیاتر هیچی ناوێ.
مرۆڤێک لە زەردەی گڵەزەردە و دەم و چاوی لە گەڕەکی
گۆیژە و دەستەکانی لە دەماری گردی یارە و
دڵیشی جێگەی هەر هەموو کوردستانی تێدا ببێتەوە.





شاعیرێک لە پەروانە
پەروانە لە وشە و
وشە لە دڵۆپە باران و
دڵۆپە باران لە خۆشەویستی و
خۆشەویستیش هەرگیز نابڕێتەوە.

***

ئەی شیعری لە دڵەوە بۆ دڵ!
هەرگیز زەمان تۆ پیر ناکات.
تۆ ئەو تەلیسمەی خورپە هەرە خێراکانی وشە
لەم ڕۆحەوە ئەگوێزێتەوە بۆ ئەو ڕۆح.
زمان شێت و شەیدا ئەکەیت و لە بەردەم
جوانییە نەبینراوەکاندا ئەوقمان ئەکەیت!
ئەی شیعری لە دڵەوە بۆ دڵ
تۆ نە ڕەخنەگرت ئەوێ و نە ڕێبەر و
پەساپۆرت و نە ڤیزەی پەڕینەوە لە سنوورەکان.
تۆ کە هاتی وەک هاتنی کلوو بەفر دێیت.
یان وەکو پرشنگی چاوی عاشقان!
یاخود بەوێنەی داکردنی باران.
ئەی شیعری لە دڵەوە بۆ دڵ!
تۆ کە هاتیت وەک ڕازی تەنیایی دێیت!

***





بۆ خۆشەویستیی گوڵدانێ دە گوڵی هەمەڕەنگ دەس لە ملانی
یەکتر بوون و بەدەم سەماوە چوونە هەناوی گوڵدانەوە!
بۆ خۆشەویستیی تاڤگەیەک هەشت نۆ درەختی قژ درێژی شۆخ و
شـــەنگ خـــۆیان ڕووت و قـــووت کـــردەوە و بەدەم وتـنی بەســـتـــەی چـنارێکی دەنگ خۆشەوە
چوونە بەردەمی تاڤگەکە. بۆ خۆشەویستیی باڵندەیەک هەورێکی
سپی خۆی کرد بەچەتری سەر سەری باڵندەکە. بۆ ڕێزلێنان لە دار هەنارێکی
بەتەمەن، کرمە ئاوریشمییەکان پۆپەشمینێکی ئاوریشمیان
دروست کرد و دایان بەسەر شانی دار هەنارەکەدا.

بۆ ڕێزگرتن لە کتێبێکی داهێنەر هەموو کتێبەکانی ناو
کتێبخانەیەک لەسەر ڕەفەوە هاتنە خوارەوە و دەستیان گرت و
کەوتنە هەڵپەڕکێ. لە پێشوازیی پەخشانێکدا دەیان گەڵا
مێوی ناسک خۆیان کرد بەفەرشی سەرەڕێ بۆ خۆشەویستیی
قومرییەکی عاشقی سەر باڵ شین هەموو قامیشەکان کەوتنە
شمشاڵ لێدان. بۆ ڕێزلێنان لە قەڵەمێک کڵاوکوڕەیەک
کڵاوەکەی خۆی داگرت و کردیە سەری قەڵەمەکە. بۆ خۆشەویستیی
کەمانچەیەک چەند تیشکێ خۆیان کرد بەژێ.





منیش لەم ئێوارە جوانەدا کە لە چاوی
ست فاتیمە ئەچێ! بۆ خۆشەویستییەکی سپیتر
لە بەفری نوا باریو. هەرمێ گوڵاوییەکم
لەگەڵ خۆمدا هێناوە، کە تاقانە هەرمییەکەی
دڵمە و لە مانگەشەوی قەسیدەیەکمەوە پێچاوە و
دائەنەوێم و پێشکەشی ئەکەم بەهەردی!

سلەیمانی
٢٠٠٦/٦/١



باو،

ناباو،

دەقێکی

ڵاسار!

١

هێشتا هەر پڕم لە خۆرنشین و
خۆم داوە بەسەر قەراغی وەڕسبووندا و ئەبینم:
وا ڕۆژێکی تەمەڵی دیکە پێڵووی قورسی هەڵبڕی و
باوێشکێکی خۆڵەمێشیی دا و بەدرێژاییی شەقامەکەیش
چون پشیلەیەکی سپیی لەڕ و لاواز خۆی کێشایەوە!
هیچ شتێکی تازە نییە.
"سەعات" بەچیچکانەوە، یان بەپاڵکەوتنەوە
ساتە بنێشتییەکانی خۆی ئەجوێتەوە.
هەموویشمان بێ دەنگیمان بەچوار قەد کراوی
لە گەرووماندا، لە گیرفان و باخەڵماندا، هەڵگرتووە!





شانم لەسەر پشتی مێژوویەکی قەموور داداوە و ئەبینم:
لەسەر جادە و لە بەردەم مزگەوت و پارکەکاندا
عەیبە و نەزاکەت و داب و نەریت و فەرز و سوننەت
وەک کۆمەڵێ کەڵەشێری بەردین ئەقوقێنن و
بەدەنووکی کولیان، بەچوکڵەی خواروخێچی پۆپنەکانیان،
لیستی حەرام و حەڵاڵ لەسەر جەستەمان ئەنووسن!
عەیبە و نەزاکەت و داب و نەریتە پیرەڵۆکەکان
بەکراسی ئاودامانی ڕابوردووەوە
بەڕیشی درێژی تەقویمی هیجری و
بەحیجابی شەوی ئەبەدییەوە

لەگەڵ تارمایی ئەسحابەکان و پۆلیسە سرِییەکان و
غەزەبەکانی داری حەددا ڕاوەستاون!
ڕیشەکان بەشوێن وشەی حەرامی سەرخۆش و
بەشوێن سەمای گوناهەکاندا ئەگەڕێن و
ناو قاپی بادە و لۆچی گۆرانییەکان و
دوو توێی شیعری تازەی بۆ ئەپشکنن.
حیجابەکانیش بەشوێن قژی مێینەی دەم با و
بریسکەی پاووپووز و بۆنی قەدەغەی ئارایشتگە و
قەڵەمی سوراوی یاخی و کراسی کورتی دەم
بەپێکەنیندا ڕائەکەن!
حەلاڵی چوار ژنەیش
بەخۆی و جەڵدەی پیرۆزی دەستی و
بەردی ڕەجمی خواوەندەوە
پێشیان کەوتووە!





ئانیشکم لەسەر شانی تەختەی بەیانییەکی
ڕەق و تەقی هاوین داداوە و ئەبینم:
شەقامەکە ئاساییە
ڕێکردنی ڕێبوارانیش ئاسایی و لە هاتوچۆی
هەورە نەزۆکەکان ئەچن و پۆشاکی بەریشیان
جووڵەی یەک ڕەنگی زیندووی تیا نییە!
هەمان بۆنی کەوا و سەڵتە و بۆساردی عەقڵی
باو و باپیران و، ئاخاوتنیش
هەمان کۆنە قسەی جاران!

شەقامەکە ئاسایی بوو.
بەڵام لەپڕ
چون گەڕانەوەی لەناکاوی پاکیزەیەکی سەبایا .
یان ڕاچڵەکینی لەپڕی قەسیدەیەک لە نیوەشەودا .
یان هەڵکردنی زریانێک لەم وەرزەدا
ئاوایش لەپڕ
شەقام گۆڕا!





شانم لەسەر قەراغی وەڕسبوون ترازا و
بینیم:
دیوارەکان شڵەژان و
دارەکان یەکدوو هەنگاوێ هاتنە پێشتر و
بەردەکان داچڵەکین و بەیەکداهاتن و
پەنجەرەکان بەلەپی شووشەیی دەستیان
چاوانیان سڕی و
باڵکۆنەکان بستێکی تر ملیان درێژ کرد و
ژنەکان چاوی خۆیان کوژانەوە و
پیاوەکان گوێچکەیان کڵۆم کرد و
منداڵەکانیش سەر بەرەوخوار
پێکەنینە بچکۆلەکانیان خل کردەوە و
گۆمی ژەنگ شڵەقا:
وەختێ مرۆڤێکی نائاساییی دێوانە و شێت
هات و وەک خەڵکی نەڕۆیشت و
هات وەک ئەوان نەئەدوا و
نائاسایی پێ ئەکەنی و نائاسایی ڕائەوەستا و
ڕووت و قووت و هەر کڵاوێکی لەسەردا!
مرۆڤێکی دێوانە و شێت
دێوانە وەکو شەپۆلی سەر هەڵگرتوو
شێت وەکو شارە پرسیاری وروژاو و
یاخود ڕەشەبای بریندار!

مرۆڤێکی دێوانە و شێت
بێ قەفەز بوو پەیڤەکانی و، خۆی مێروولە و
هەڕەشەی ئەکرد لە قوللەی "باوە"کان و
جنێوی ئەدا بەئەرز و بەئاسمان و
بەشەجەرەی حەرامەکان.
یەخەی دیواری ئەگرت و
شەقی لە پەرژین هەڵئەدا و
بەردی ئەگرتە نەریت و
سەری "درۆ"کانی ئەشکان!
مرۆڤێکی دێوانە و شێت
بۆ چەند ساتێ ڕەنگ و دەنگی
جادە و شارەکەمی گۆڕی و
ڕووت و قووتیش لە ناوەڕاستی شەقامدا
کەوتە سەما!





٢

درەختەکانی باخچەکە
ئاسایی بوون
هەموو هەر یەک قاچیان هەبوو
هەموویشیان قنج ڕاوەستا بوون.
تاقە درەختێکیان نەبێت
لەسەر دوو قاچ ڕاوەستا بوو
بەرەو خواریش بۆ جۆگەکە دانەویبوو
تا بەمشت ئاو بخواتەوە!
وازم لە هەموویان هێنا و
ڕووم کردە ئەو!

٣

لە ناو پۆلدا
"سەروەت" بەمنداڵانی وت:
بۆ ئەمجارە
ئەمەوێ وێنەی ئەسپێک و
سوارەکەیم بۆ بکێشن
"بەڵام بەو جۆرەی لە خەودا ئەیانبینن".
منداڵەکان، یەکە یەکە، وێنەکانی خۆیان کێشا
وێنەکانیش وەک ئاسایی
هەر هەموویان لەیەک ئەچوون.
تاقە وێنەیەکیان نەبێت
ئەسپێ بوو دوو باڵی گەورەی هەبوو
قەپۆزیشی لە ڕۆبۆت و
کلکی لە پەروانە ئەچوو
غاری بردبووە ئاسمان و
لەولایشەوە، سوارە و تووڕەبوونی و قامچییەکەی دەستی
لەسەر ئەرز، جێ هێشتبوو!






٤

ئەمڕۆ پۆلێ شیعرم فڕین
"باو" چۆنی وت، ئاوا فڕین.
"باو" چۆنی وت، هەروایش خوێندیان.
تەنها هەر یەکێکیان نەبێت
خۆی لە پۆلەکە دابڕی و
جۆرێ فڕی، "باو" تووڕەکا
جۆرێ خوێندی، "باو" نەیەوێ
بۆیە وەختێ هاتنەوە لام
پەڕ و باڵی گشتیانم کرد
هەموویانم لە ماڵەکەم کردە دەرێ و
بەتەنها هەر
ئەو یەکەیانم هێشتەوە
ناباوی کرد
بەخوێندن و بەهەڵفڕین!

حوزەیرانی/٢٠٠٦
سلەیمانی



# دوورگە
# دوور و
# نزیکەکانی
# خۆشەویستی

**١ – کارەسات!**

دەمێ ساڵە و هەموو ڕۆژێ
تەڵێ لە تیشکی چاوانی ئەم وڵاتە
ئەدزرێت و دزیش هەر دەستی خۆمانە!
زەمانێکە، گەلێ شەویش، بوتڵ بوتڵ
لە خوێنی "مانگ"ی خۆشبەختی ئەدزرێت و
خوێنیش هەر خوێنی خۆمانە!
زەمانێکە، هەموو جارێ، سەری سەعات
تاڵێ لە پرچی زێڕینی خانمەکەی (دادپەروەری)
ئەدزرێت و خانمەکەیش، ئەویش، هەر کچی خۆمانە!
ئەی نابینن؟
ساڵ لە دوای ساڵ
چاوی وڵات کزتر ئەبێ و
خەمی شیعریشم ئەوەیە، گەر وا بڕوا
ڕۆژگارێ بێ
بەر پێکانی خۆی نەبینێ.





ئەی نابینن؟!
(بەختیاری) لە گەڕەکی برسێتیدا
چەندە زەرد و لاواز بووە و
چەند بێ خوێنە و بێ تاقەتە و
خۆی بەپێوە بۆ ناگیرێ و
تۆزێ ئەڕوا و لە پڕێکدا دائەنیشێ!
ئەی نابینن؟

خانمەکەی (دادپەروەریش) قژی پڕی
هەمووی دزرا و پەنجەکانی هەموو دزرا و
ددانەکانی هەر دزرا و
بەڵام ئەوەی جێی خەمی قوڵی شیعرمە
ئەم خانمە بەسزمانە بەسەرێکی ئەسڵەعەوە و
بەدەستێکی بێ پەنجەوە و بەزاری بێ ددانەوە
لە دواییدا کێ ئەیخوازێ؟!!

نیسانی ٢٠٠٦





**٢- مەزنترین خۆشەویستی!**

بەفری سەر "جودی" وا ئەڵێ:
ئەژدیها هات... ئەژدیها ڕۆیشت
ژەنەراڵ هات... ژەنەراڵ ڕۆیشت!.
بەڵام ئەوەی هەر مایەوە و
هەرگیز نەڕۆیشت و قەت ناڕوا:
دار و بەردی کوردستانە!

شوورەی "دیاربەکر" ئەڵێ:
ناوی سوڵتان و والییەکان
وەکو ناوی هەندێ قارچکی ژەهراوی و
ناوی هەندێ گورگ و بەراز
بیرچوونەوە و لە مێژوودا بوون بەغوبار
بەڵام ئەوەی بیر نەچۆوە و
هەر مانەوە و بوون بەنان و بوون بەئاو و
بوون بەگوڵی ماڵەکانمان
شەهیدانی کوردستانە!





بەنێزەکانی ئەنکەرە و
عەقڵی دوور لە هەتاو بڵێن:
بەڵێ ئەتوانن ژمارەی
کۆترە کوژراوەکان زیاد کەن!
بەڵێ ئەتوانن ژمارەی
ئەڵقە ئەڵقەی زنجیر زیاد کەن!
ئەتوانن پەتی سێدارە درێژ درێژ بکەنەوە.
ئەتوانن بەگولله وەڵامی گوڵەکانمان بدەنەوە.
بەزرێپۆش وەڵامی جادەکانمان بدەنەوە.
بە"ئەپاتچی" وەڵامی باخچەکانمان بدەنەوە.
بەتاریکی وەڵامی ڕووناکیمان بدەنەوە.
ئەتوانن زیاتر لە هەژاریمان نزیک بخەنەوە.
ئەتوانن زیاتر لە بەختیاریمان دوور بخەنەوە.
بەڵام ئەوەی
هەرگیز هەرگیز
بۆتان ناکرێ... بیگرن یان بیکوژن
یان لێمانی دوور خەنەوە.
یان لێمانی بسێننەوە.
خۆشەویستیی کوردستانە!

سلەیمانی
مایسی/٢٠٠٦

**٣ – باڵ**

نازانم... تۆ
من بۆ خۆم چوار باڵم هەیە!
یەکێکیان (با)یەکی (ئامەد)
پێی بەخشیوم.
بۆ ئەوەی شیعرم هەمیشە بڵند بفڕێ!





دووەمیان خۆرەتاوێکی
لای (کرماشان) پێی بەخشیوم.
بۆ ئەوەی هەرگیز خورافات
پێم نەوێرێ.
سێیەمیان ئەوینی (کەرکووک)
پێی بەخشیوم
بۆ ئەوەی وێنەی ئەو یارە
قەت گلێنەم جێ نەهێڵێ.
چوارەمیان هەورێکی (عفرین)
پێی بەخشیوم
بۆ ئەوەی هەردەم ئەم سەرەم
بەبارانی کەسک بسپێرێ.
چوار گوێچکیلە و
تەنها یەک دڵ.
چوار جۆگەلە و
تەنها یەک زێ.
چوار تەلان و
یەک دارستان.

نازانم تۆ
من بۆ خۆم چوار باڵم هەیە و
بەڵام هەر تاقە یەک ئاسمان!

نیسانی/٢٠٠٦





**٤- شەفەقی ڕژاو**

ئەوە هاواری باکورە
بووە بەفوارەی سروودی
ئەرخەوانی و
هەتا لای خودا هەڵچووە؟!
یان هاژە هاژی زەریایە و
حیلەی ئاوە و
سمکۆڵانی شاخ و داخی ئەم مێژووە؟!
ئەوە خوێنە؟! یاخود شەفەقە ڕژاوە؟!
ئەوە گیایە؟! یاخود ئازارە و ڕواوە؟!
ئەوە شان و ملی خەڵکە؟
یان دارستان؟
ئەوە تووڕەبوونی (با)یە؟
یان ڕاچڵەکینی هەورەکان؟
ئەوانە ژنن؟! یان درەخت؟!
پرچیان بووە بەمەشخەڵان؟!
ئەوانە پیاون؟! یان ئەسپی باڵ بەفرینی
ناو چیرۆک و داستانەکان.

نە داستانە و نە ڕەشەبا و نە زەریایە و
نە فیلمە و نە خەو بینین!
بوومەلەرزەین!
ئەوە ئێمەین هەر هەموومان
بووین بەجادەی ئەم شارانە و
بەدەریاچەی ناو گۆڕەپان!
ئەوە ئێمەین، هەرچی مێیە
هەموو هەر یەک ناویان هەیە
کە (زەکێ)یە و
هەرچیش نێرە هەموو یەک (سەر)یان
پێوەیە، کە سەری (موسا عەنتەر)ە!

مایسی/٢٠٠٦





**٥ – لە ئێوارەیەکی ڕەنگ گۆگردیدا**

من لە (ئامەد)
ئێوارەیەک... لە گەڕەکی (وەنەوشە)دا و
لە بەردەرگای ماڵی (تەم)دا
خەمێکی مێی کاکۆڵ ڕەشی کرمانجیم دی
هێندە جوان بوو، وەک گۆمیلکەی بەر مانگەشەو
ئەوقی کردم!
هەر ئەوەندە و، بۆ خەمی شۆخ، چون قەڵەمم
کوڕی شیعرم ئەویش شێت بوو!
بۆیە (با)ی عەشقم فڕانی و
خستیە کالانەی چاومەوە و
بوو بەگینگڵی هەورێکم.
وایش بەنیاز بووم بیبەمەوە سلەیمانی و
بیدەم بەتەنیاییی ژوورم!
ئەموت: بەڵکو لە شەوێکدا
کە نەبار و سیاساڵ بووم
ئەو بباریێ و منیش ببم بەپەلکە گیا و
لە ناو چاوانیا نوقم بم!

بەڵام لە ڕێ، نزیک ڕێحانە مەراقی
لەشی (کەرکووک)
لەپڕ پایزمان پێ گەیشت
سەیری کردم و کچە خەمی ناو (ئامەد)ی
لە کالانەمدا بەدی کرد
هەر لە یەکەم ڕوانینەوە
وەک حەزی بەفر بۆ زەردە
ئاوابوون بۆ تراویلکە...
حەزی لێ کرد!
کزەی خەزانێکی خۆی نارد
بۆ ناو دیدەم
بەئەسپایی دەستی دایە پەلی کچە و
لەگەڵ دوو دڵۆپی وێڵدا
بەیەکەوە چوونە دەرێ و
ئیتر نەیهێشت
ببزوێم و هیچ بڵێم و
هەر ئەوەندە و...





لە ئێوارەی ڕەنگ گۆگردیی ناو کەرکووکدا
وەکو هەناسەی ئاوارە بزربوون و
لەو دەشتەدا، لەگەڵ خوایەکی بێباکدا
منیان بەتەنها بەجێ هێشت!

سلەیمانی
تەمووزی/٢٠٠٦

**٦- پەرەسێلکە**

لە وەرزی گەڕانەوەیدا
چووم بەپیر پەرەسێلکەوە
لەگەڵ خۆیشما
چەپکێ وەفای ڕەش و سپی و
مشتێ لە جووکە جووکی خەماویم
بۆ بردبوو.
لەبەرئەوەی
ساڵانێکی دوورودرێژ
شەوانێکی دوورودرێژ
دەستەخوشکێکی هەمیشەی
بێوەژنەکەی دایکم و
بەردەوامیش
هەڵنیشتووی سەر
کۆڵوانەی بوو!

سلێمانی
کانوونی دووەمی/٢٠٠٧





**٧- پەرۆشی**

باران و
چەترێک و
شەقامێ و
ئارەزووی پشکۆیی هەردووکمان
لای ژوورێک.
بارانەکە پڕی کردووین
لە تەزووی جۆش و خرۆش و
چەترەکە ئەماننووسێنێ بەیەکەوە و
شەقامەکەیش بەخێرایی
ئەمانباتەوە بۆ ماڵێ
بۆ لای ژوورێکی چاوەڕوان!

سلەیمانی
کانوونی دووەمی ٢٠٠٧

**٨ – تابلۆیەک لە تاریکیدا**

جگەرەکەت بەلێوەوە و
لە تاریکیدا
چەرخەکەت بۆ پێ ئەکەم
ڕووناکییەکی شەرمنۆک
لەگەڵ سێبەری پەنجەما
ئەکەوێتە سەر ڕوومەتت
لەگەڵ مژێکی خێرادا
ئاگری ئاڵی جگەرەکە
بریسکەیەک ئەدا لە چاو
دووکەڵێکی شیریی باریک
وەک ئەڵقەیەک
ئەکەوێتە ناو قژتەوە
لەو ساتەدا وا هەست ئەکەم
تۆ شیعریت و
ژیان دووکەڵی ناو قژت و
منیش ئاگری جگەرەکەم!

سلەیمانی
شوباتی/٢٠٠٧





**٩ – بەردەوام تۆ!**

ئەڵێن ئاو زۆر ئێسک سووکە
ئەو وەختەی لەبەر ئاوێنەی
کانییەکدا پێ ئەکەنێ!
ئەڵێن دار زۆر ئێسک سووکە
ئەو وەختەی یەکەم گوڵ ئەدا
لە ئەگریجەی.

ئەڵێن کەژ زۆر ئێسک سووکە
ئەو دەمەی یەکەم کراسی
بەفر ئەپۆشێ
ئەڵێن دەشت زۆر ئێسک سووکە
ئەو وەختەی ئێوارە دێت و
هەر لە پاڵیا ڕائەکشێ.
ئەڵێن شەقامی نێو شاریش
گەلێ گەلێ ئێسک سووکن
وەختێ پایز دێت و لەسەر
قەراغی شۆستەکان تەنیا و
بەپۆشاکێکی زەردەوە دائەنیشێ
ئەڵێن و ئەڵێن و ئەڵێن...
بەڵام بۆ من و شیعری من
ئەو جوانییانە ساردوسڕن
هەموو شوێنێ... هەموو شتێ
بەبەهەشتەکەی خوایشەوە
هەر خوێن تاڵن
ئەگەر بێت و
لەوێ نەبی و
تۆی لێ نەبی!

سلەیمانی
مارسی/٢٠٠٧





**١٠ – بازن**

عەشقیان هاویشتە نێو گۆمێ
بەڵام بەر لەوەی بخنکێ
بازنی دەستی داکەند و
بۆ یادگار
هەر بەئاودا
یەک لە دوای یەک
بازن بازن
ناردنی بۆ دار هەناریێ
لەوبەر کەنار!

سلەیمانی
مارسی/٢٠٠٧

**١١- پلیکانە**

هەموو جارێ
لەبەر شەبەنگەکەی چاوت
ئاگام لە قوڵە قوڵی هانەکەی
دەمت نییە.
لەبەر دەمیش
ئاگام لە پرژە پرژی قەڵبەزەی
گەردن نییە.
لەبەر گەردن
ئاگام لە بژوێنی شان و قۆڵ و
قاسپە قاسپی پەنجە نییە.





لەبەر ئەوانیش چ ئاگام
لە جووتە کۆترە سپییەکەی
هەڵکورماوی سەر سنگ نییە و
لەبەر مەمیش
ئاگام لە زنەی چاڵی ناوکت و
لەبەر ناوکیش
ئاگام لە مێرگی سیحراویی
بەر سێبەری
خوار سک نییە و
من بەتەنها لە ناو تۆدا و
لەسەر لەشت
گلۆربوونەوە بەرەو خوار
هەڵکشانە و سەرکەوتنمە و
ژێرکەوتن و نائومێدیش
هەر ئەوەیە
بەسەر پلیکانەی ماچدا
دانەبەزم و نەچمە خوارێ
لە قژتەوە
هەتا بەرپێ!

سلەیمانی
مارسی/٢٠٠٧

**١٢ - شـەپۆلێکی لووت بەرز**

باهۆزێ هێندە پەلەی کرد
هەتا ڕۆژێ لە ناو چەقەنە بەردێکدا
کەوت بەدەمدا و
دەستی گڤەیەکی شکا!
شەپۆلی شیعرێکی منیش
هێند مەغروور و
لووتی بەرز بوو
ڕۆژێ بەرپێی خۆی نەبینی و
کەوتە ناو گێژاوێکەوە و
نەهاتەوە و
لە دەریاچەی
زمانەکەی خۆیدا خنکا!

مارسی/٢٠٠٧





**١٣ - پێش نیو سـەدە**

ئاوێنەیەکی پیرێژن
لە ماڵێکی پیرەمێردی ژوور نەخۆشی
دەرگا و پەنجەرە کەنەفتا!
تاق و تەنیا، بەو ڕۆژگارە
لە بەردەمیا
لە ڕەنگی بێدەنگی زیاتر
لە خەمی کۆماوە زیاتر
لە پیستی چرچی مەراق و
لە سەعاتە نوستۆکەی سەر
ڕەفەی بەرامبەری زیاتر...

هیچی دیکەی نەئەبینی!
بەڵام کە شەو دائەهات و
سەری کاسی ئەخستە سەر بالیفی یاد
تاریکیی ئەدا بەخۆیدا و
خپ لێی ئەنووست.
هەموو شەوێ
لە خەونیدا
ماڵە پیرە، گەنج ئەبۆوە و
خێزانەکەی پێش نیو سەدە
یەکە یەکە ئەهاتنەوە بۆ ماڵەوە و
ژوور پڕ ئەبۆوە لە جووڵەی
دەنگ و جەستە
لە بەردەمیا، وەک گوڵەباخ و تاقگە
ڕائەوەستان
ئەوسا ئەمیش هەر لە خەودا پێ ئەکەنی و
ئەبۆوە بە: ئاوێنە چواردە ساڵەکەی
جاری جاران
پێش نیو سەدە!

مارسی/۲۰۰۷





**١٤ – سەردان**

وا چووبووم بۆ لای (عەینکا)وە
هەر سەرێک بەم لە سروەکەی ئێوارانی و
بەسەر پێوە
خاچێکی کۆنە ناسیاوم ببینم و
لە دواییشدا هەر بەپەلە
لەگەڵ شیعرێکی زۆر کورتدا
بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ!
بەڵام لەوێ لەپڕێکدا
لە بەردەرگای کڵێسەدا
دوو چاوی کەسکی مریەمێ
لە ڕۆحەوە فڕاندمی و
بەسەلیبەکەی سەر سنگیا
دایکوتیم و
ماڵەکەی خۆم لە بیرچۆوە و
ئیتر هەر نەگەڕامەوە!

لەو ساڵەوە شیعری کورتیش
هەموو ڕۆژێ بستێ دوو بست
زیاد ئەکات و درێژ درێژ ئەبێتەوە و
ئەمێستاکە شیعری درێژ
بەرەو باشوور
ڕووی کردۆتە (مەجدەلییە) و
خاچ بەکۆڵ و
تا (عیسا)ش نەگەڕێتەوە
ئەم قەسیدە ئینجیلییەم
تەواو نابێ!

مارسی/٢٠٠٧





**١٥ – ترس**

درزێ کەوتە (بینین)ەوە
(زمان) ترسی زۆر لێ نیشت و
وتی: خوایە ڕۆژێ لەپڕ
(خەیاڵ) نەڕوخێ بەسەرما؟!
کەلێنێ کەوتە (ڕیتم)ەوە
(فۆرم) خەمی زۆر لێ هات و
وتی: خوایە ڕۆژێ لەپڕ
(مانا) نەڕۆخێ بەسەرما؟!
کە وەختێکیش شیعر بۆ خۆی قڵیشی برد
شاعیر ترسی دنیای لێ هات
وتی خوایە چش لە مردن!
بەڵام پێشتر
عەشق لە ڕۆحما نەڕۆخێ و
بێ دەنگیشم لێ نەنیشێ!

مارسی/٢٠٠٧

## ١٦ – ڕووباری ڕستەیەک

نیوەشەو بوو. تاق و تەنیا
کەوتبوومە دوای خەیاڵێکی شۆخ و شەنگ
بەوێنەی وشەی (گەردەلوول)
شڵەژا بووم!.
لەپڕێکدا قاچم لە (وێرگول)ێ گیرا و
لە دوا نهۆمی شیعرێکی زۆر بەرزەوە
کەوتمە خوارێ
بەڵام هیچیشم لێ نەهات
چونکە کەوتمە ناو ڕووباری
ڕستەیەکی دامێنەوە
کە هاژە هاژی عەشقێکی
بێ برانەوەی لێ ئەهات!

سلەیمانی
مارسی/٢٠٠٧





## ١٧ – بەجێهێشتن!

تەمێک بوو بەشیعرم
ئەمزانی تۆ لەودیو تەمەوە
چاوەڕوان وەستاوی و
بێزاری.
چیم ئەکرد
جوانیتم نەئەدی.
هەردووکمان لە یەکتر بزر بووین.
ئەو کاتەی کە شیعریش ڕەویەوە
سەیرم کرد:
تۆیش لەوێ نەمابووی
ڕۆیشتبووی.
هەتاوێ پێی وتم
تۆ لەگەڵ شیعرێکی شەفاف و
بەرچاوڕوون ڕۆیشتبووی!

سلەیمانی
مارسی/٢٠٠٧

**١٨ – لارێ**

بۆ چاوانت و
بۆ گەردنت و
بۆ مەمانت.
مانگەشەو هاتە خوارەوە





بۆ دیدەنیی یەکەمیان و
قەڵبەزەیەک خۆی هەڵبڕی
بۆ ماچێکی دووەمیان و
بۆ سێیەمیش
هەر دە پەنجەی هەڵبەستێکم
خۆیان لە دەست و مەچەکی
ڕستەکانیان ڕاپسکان و
بەلاڕێیەکی کەمەردا
دزە... دزە
چوونە سەرێ
بۆ گرتنیان!.

سلەیمانی
کۆتایی مارسی/٢٠٠٧

## XÝñ}Ä


تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن! 7

جیهان لە ماچێکدا – دکتۆر شاهۆ سەعید 29

عەشق 39

هەمیشە، ئەستێرکە، پچووکەکان، هەمیشە! 55

فڕینە کوژراوەکانی ژن! – پەخشانە شیعر 81

دوانزەی بوومەلەرزە! – پەخشانە شیعر 97

شەست ساڵ لە گوڵ و خۆڵەمێش و سومبولیش لە هەورە برووسکە! – پەخشان 115

تێل و پەڕی پەرش و بڵاوی تاوس... 131

سۆناتەکانی هەڵەبجە! – شیعر و پەخشان 149

ڕۆژنامەیەک لە کاغەزی هەتاو و سەرنووسەریش لە قەڵەمی...! پەخشان 163

هەردی... مەرگی هەردێکی شیعر – شیعر و پەخشان 191

باو، ناباو، دەقێکی لاسار! 225

دوورگە دوور و نزیکەکانی خۆشەویستی 237